## ماڵدروستکردن

دارکونکەرەی جیلا سەردانی هێلانەکەی دەکات لە سوبێرێکی مەکسیکی زەبەلاحدا، تاوەکو کونێک لە هێلانەکەدا دروست بکات. دارکونکەرەکە کرۆکە نەرمەکەی ناو سوبێرەکە هەڵدەکۆڵێتە دەرەوە. ئەو کونە شوێنێکی فێنک و سەلامەتە بۆ بەخێوکردنی بەچکەکانی، چونکە بەچکەکان بە کوێریی و ڕووتی و بەبێ یارمەتی باوانیان هەڵدێن. جۆرێکی تری دارکونکەرە (gilded flicker)ە کە بەهەمان شێوە لە سوبێری مەکسیکیدا هێلانە دروست دەکات.





## لە ماڵەوە

کونەپەپوی جنۆکەیی لە کونی هێلانەکەیەوە چاوی دەبڕێتە دارە سوبێرە گەورەکان. ئەو کونانە پێشتر لەلایەن دار کونکەرەکانەوە دروست کراون. کونەپەپوی جنۆکەیی یەکێکە لە بچوکترین کونەپەپوەکانی جیهان کە دێژییەکەی  دەگاتە 15سم (6 ئینچ). ئەم کونەپەپوە تەنها لە بیابانەکانی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و باکووری مەکسیک دەبینرێت کە سوبێری ساگوارۆی مەکسیکی لێیە.







## داڵی هاریس

وەک هەموو باڵندە ڕاوکەرەکانی دیکە، داڵی هاریس لە چەند ژینگەیەکی جیاواز دەژی، لە بیابانەکانەوە بۆ دەشت و دارستانە کراوەکانی باشوور و باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بەپێچەوانەی زۆرێک لە باڵندە ڕاوکەرەکانەوە، مێینەی داڵی هاریس لەگەڵ چەند نێرینەیەکدا جووت دەبێت. هێلانەکەی پێکهاتووە لە ڕووتەختێک کە لەسەر داری و سوبێر یان مێسکیت (mesquite) دروستی دەکات. داڵی هاریس خواردنی لەسەر چەند جۆرە ئاژەڵێکی وەک کەروێشک، قۆڕی، دارکونکەرە و سمۆرەی کلکخڕی سەر زەویە.



# شیردەرەکان

شیردەرە بچووکەکانی بیابان بە خۆحەشاردانیان لەناو کونەکاندا، خۆیان لە گەرمای بەتینی بیابان دەپارێزن. لەناو کونەکاندا وەک دەرەوە، پلەی گەرمی زۆر بەرز و نزم نابێتەوە. تا زیاتر چاڵەکە قوڵ بێت فێنکترە، بۆیە هەندێک لە شیردەرەکانی بیابان، وەک کرتێنەرە بچووکەکانی باکووری ئەفریقا، لە هاویندا چاڵی قووڵتر هەڵدەکەنن تاوەکو لە گەرما ڕزگاریان بێت. لە شەوە ساردەکانی زستانی بیاباندا، کەشی ناو کونەکان لەچاو دەرەوە گەرمترە، هەروەها ئەم کونانە بۆ پاشەکەوتکردنی خۆراکی وەک تۆوەکان بەکار دەهێنرێن. زۆرێک لە شیردەرە بچووکەکانی بیابان، تەنها لە شەودا یاخود لە بەرەبەیان یان خۆرئاوابووندا دێنە دەرەوە، تاوەکو بەر گەرمای ڕۆژ و ئەو ڕاوکەرانە نەکەون کە بە ڕۆژ چالاکن. ئەگەر لە ڕۆژ یاخود لە مانگەشەودا بێنە دەرەوە، گونجاندنی فەروەکەیان لەگەڵ ڕەنگی دەوروبەریاندا لە خۆشاردنەوەدا یارمەتیان دەدات. هەندێک لە شیردەرە بچوکەکان بەهۆی بازی بەرز یان ڕاکردنەوە خۆیان لە ڕاوکەرەکان دەپارێزن.

### جرجی بیابان

جرجی بیابان بەخۆپاڵنان بە قاچە بەهێزەکانی دواوەی و وەستان لەسەر پێیەکانی پێشەوەی دەتوانێت تا بەرزی 0.5م (1.6پێ) باز بدات و بەخێراییش ڕابکات. مشکی بیابانی ڕەنگکاڵ لە چاڵە گەورە لمییەکانی باکووری ڕۆژئاوای میسردا دەژی. لە شەودا بۆ دۆزینەوەی خۆراکی وەک تۆوەکان، دێتە دەرەوە. ئەم مشکە ئێسکێکی گەورەی دەرپۆقیوی لەسەر سەری هەیە کە دەوری بەشی ناوەوەی گوێی داوە، ئەمەش یارمەتیی دەدات لە وەگرتنی دەنگە نزمەکاندا، بۆیە دەتوانێت لە تارکیشدا هەست بە ڕاوچییەکان بکات.

کلکێکی درێژ بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگیی لە کاتی بازدان و ڕاکردندا

### هامستەرە کورتەباڵاکان

ئەم هامستەرە درێژییەکەی تەنها 8.4 سم (3.3ئینچ) دەبێت. لە بیابان و دەشتاییەکانی مەنگۆلیا و سیبریا و چین دەژی کە زستانیان زۆر ساردە، بەڵام فەرووە ئەستوورەکەی یارمەتی دەدات گەرمی بێتەوە. لە بەشە زۆر دوورەکانی باکوور، ئەم هامستەرانە لە زستاندا سپی دەبن، ئەوەش لە هاتمەدەرەوەیان یارمەتییان دەدات، بۆئەوەی لەگەڵ ڕەنگی بەفرەکەدا خۆیان بگونجێنن. وەک هەموو هامستەرەکان، هامستەری کورتەباڵا لە ڕوومەتیدا گیرفانێکی گەورەی هەیە کە دەتوانێت پڕی بکات لە خۆراکی وەک تۆوەکان و بۆ چاڵەکەی بگوازێتەوە.



### کرتێنەرە ئەفریقیەکان (شاو)

ئەم کرتێنەرانە کە سەر بە جرجەکانی بیابانن، بەیەکەوە گەورەترین کۆمەڵەی شیردەرە بچوکەکانی ئەفریقا و باکووری ئاسیا پێکدەهێنن. ئەم کرتێنەرە گەورەیە کە لەشی نزیکەی 20سم (8ئەنچ) درێژە، لە مەغریب و جەزائیر و تونس و میسر دەژین.





کلکی یارمەتی دەدات لەو کاتەی کە لەسەر قاچی دواوەی وەستاوە هاوسەنگی خۆی ڕابگرێت

### هامستەری چینی

دانیشتن لەسەر ڕانەکانی یارمەتی ئەم هامستەرە چینییە فزوڵە دەدات کە بزانێت چی لە دەوروبەری ڕوو دەدات. هەروەها دانیشتن لەسەر ڕانەکانی یارمەتی دەدات تاوەکو بە دەستوپێی خۆراک هەڵبگرێت. هامستەری چینی کلکی لە هامستەرەکانی تر درێژترە. ئەم هامستەرانە لە کەناری بیابانەکان و دەشتە سەوزەکانی سیبریا، مانگۆلیا، کۆریا و چین دەژین.



کەنغەرە سوورەکان لە بیابانەکانی ئوسترالیادا دەژین

### بازدان بۆ پێشەوە

کەنغەرەکان قاچەکانی پشتەوەیان بەهێزە، بۆیە دەتوانن بەخێراییەکی زۆر باز بۆ پێشەوە بدەن. هەندێک لە شیردەرە بچووکەکانی بیابان، وەک جرجە کەنغەرییەکانی باکووری ئەمریکا و کرتێنەرەکانی ئاسیا و ئەفریقا، لە کەنغەری میناتوور دەچن، چونکە دەتوانن بە پێیەکانی دواوەیان باز بدەن. بازدان یارمەتی شیردەرە بچوکەکان بۆئەوەی بەخێرایی هەڵبێن و سەر لە ڕاوکەرەکان بشێوێنن.



مشکی دڕکاوی میسری

ئەو مشکە دڕکاویانەی کە
لەناو بەردە
ڕەنگتێرەکاندا دەژین،
ڕەنگیان تێرترە،
ئەمەش وا دەکات
بەئاسانی نەبینرێن.

## مشکی دڕکاوی

مشکی دڕکاوی دڕکێکی ڕەقی وەک قژی هەیە کە لەگەڵ توکەکەیدا تێکەڵ بووە. ئەو دڕکە ڕەقەی وای لێ دەکات کەمتر ببێتە نێچیری گۆشتخۆرەکان، هەروەها ئەو دڕکانە ڕێک دەکاتەوە تاوەکو گەورەتر دەربکەوێت و دوژمنەکەی بترسێنێت، بەڵام توانای فڕێدانی کلکیان دەبێتە گەورەترین بەرگرییان؛ ئەگەر ڕاوکەرێک لە کلکییەوە پەلاماری ئەم مشکە بدات ئەوا کلکی مشکەکە لە دەمیدا بەجێ دەمێنێت و مشکەکە ڕادەکات. مشکی دڕکاوی لە بەیانییەکی زوو و ئێوارەیەکی درەنگ و شەواندا چالاکە و لە ناوچە بەردینەکاندا دەژی.



مشکی دڕکاوی عەرەبی.

## سەرخەوشکاندنێک

جرجی کەنغەری بیابان، لە بیابانەکانی موجەفی کالیفۆرنیای ئەمریکا لە کونەکەیدا دەخەوێت. مشکی کەنغەری جگە لەو وەرزانەی کە کاتی جووتبوونە، بەتەنها دەژین . لە ڕۆژدا دەچنە ناو کونەکانیان، تاوەکو ئەو شێیەی لە هەوای هەناسەیاندا هەیە، لە کونەکەدا بمێنێتەوە. ئەمەش کونەکە بە شێداریی دەهێڵێتەوە و بەهۆی گەرماوە شێی زۆر لە دەم و لوتییەوە لەدەست نادات.



کرتێنەرەکان بەزۆریی دوو دانی
پێشەوەیان گەورەترە.

## جرجی کەنغەری

جرجی کەنغەری لە کاتی شەودا لە کونەکەی دێتە دەرەوە و لەسەر قاچە درێژەکانی دواوەی بۆ پێشەوە بازدەدات و دەوەن بە دەوەن بەدوای تۆ و خۆراکدا دەگەڕێت. سەرەڕای ئەوەی خواردنەکەیان وشکە، بەڵام مشکی کەنغەری پێویستی بە ئاوخواردنەوە نییە. بەهۆی میزکردنی کەم و پیساییەکی وشکەوە، شێی لەشیان دەپارێزن. وەک هەموو کرتێنەرەکانی دیکەش ئارەق ناکەنەوە و لەکاتی پێویستدا دەتوانن بە لێسانەوەی توکی ملیان، خۆیان فێنک بکەنەوە.



گوێیە گەورەکانی بۆ بیستنی
دەنگی ڕاوکەرەکانە

چاوی بەم شێوەیە بۆئەوەی
مەودایەکی فراوان ببینێت.

قاچە بەهێزەکانی دواوە بۆ بازدانن

# شیردەرە گەورەکان



زۆربەی شیردەرە گەورەکانی بیابان، وەک ژیشک و ڕێوییەکان، ڕۆژە گەرمەکان لە کونەکانیاندا بەسەر دەبەن و لە شەودا بۆ پەیداکردنی خۆراک دێنە دەرەوە. تەنانەت ئاسکەکانیش بەوە ناسراون کە لەوەرزە گەرمەکاندا لە کونی ئاژەڵەکانی تردا خۆیان دەشارنەوە. کۆمەڵەی پشیلەکان زیاتر شەوان ڕاو دەکەن و بە ڕۆژیش لەبەر سێبەری بەرد یان هەر سێبەرێکی دیکەدا دەحەوێنەوە. کەشوهەوا هەرچۆنێک بێت، میرکاتی بچووک (meerkat) لەکاتی ڕۆژدا چالاکە، بەڵام کاتێک درندەیەک شک بەرن، دەچنەوە ناو کونەکانیان.



شێرەکانی بیابان بەهۆی ڕاوکردن و وشکەساڵییەوە، لە بیاباندا نەماون

## مێروولەخۆرە دڕکاوییەکان

ئەم شیردەرە هێلکەکەرە نامۆیە، ناسراوە بە مێروولەخۆری دەنووک کورت. تەنها سێ جۆر شیردەر هەن کە هێلکەکەرن، دووانیان هەردوو جۆرەکەی مێروولەخۆر و سێیەمیشیان دەنوک مراوییە، بەڵام هەموو شیردەرەکانی دیکە بە زایین بەچکەیان دەبێت. مێروولەخۆری دەنووککورت لە زۆرێک لە ناوچەکانی ئوسترالیا بوونی هەیە، بە بیابانەکانی ناوەڕاست و تاسمانیا و گینیای نوێشەوە. مێروولەخۆر زمانێکی درێژی لینجی بۆ خواردنی مۆرانە و مێروولەکانی دیکە هەیە.

## پشیلە گەورەکان

شێرەکان ئێستاش لە بیابانەکانی باشووری ئەفریقادا هەن و دەتوانن لەو کەشوهەوا وشکەدا بە زیندوویی بمێننەوە، چونکە ئاو لە لەشی نێچیرەکانەوە وەردەگرن. لە ڕابردوودا شێرەکان زیاتر بڵاو بوون، تەنانەت ئەوانەشی لە سەهرا دەژیان هەر زۆر بوون. پڵنگەکان ئێستاش لە سەهرا دەژین بەڵام دەگمەنن. پڵنگەکانی باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا لەجیاتی ڕۆژ، زیاتر لە فێنکی شەودا ڕاو دەکەن.



## ئاسک

کاتێک گیایەکی زۆر هەبێت ئەم ئاسکە بە ڕەو دەژین و ژمارەی ڕەوەکانیان دەگاتە 50 ئاسک. ئەم ئاسکانە لە باکووری ئەفریقاوە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و هیندستان و پاکستانیش دەدۆزرێنەوە. لە کاتی وەچەخستنەوەدا نێرینەکانیان کۆمەڵێک مێینەی بچوکیان هەیە کە زیاترە لە حەوت مێینە. کاتێک مێینەکە خەریکە بەچکەی دەبێت، ڕەوەکە بەجێ دەهێڵێت، بۆئەوەی شوێنێکی گونجاو بدۆزێتەوە. مێیەی ئاسک بەزۆریی دووانەی دەبێت، زۆرجاریش ئەو دووانەیە مەترسی خواردنی لەلایەن هەڵۆ و پشیلەی کێوی و کەمتیارەکانەوە لەسەرە.



## گوێدرێژی دەشتەکیی

گوێدرێژی دەشتەکی پێی دەگوترێت (کولان) و لە بیابانەکانی تورکمانستان (کارا کوم و کیزل کوم) لە ناوەراستی ئاسیا دەژی. لە زستاندا بەرگێکی ئەستوور بە دەوریدا دروست دەبێت تاوەکو لە سەرما بیپارێزێت. ئەو جۆرەی هاوشێوەی 'کولانە' پێی دەگوترێت (کوور) و لە بیابانە گەرمەکانی ئار لە هیندستان دەژی. ڕەوەی گوێدرێژەکان لە هەندێک بەشی دیکەی بیابانەکاندا دەبینرێن، بەڵام لەوانەیە ئەو گوێدرێژە ماڵییانە بن کە بەرەو دەشتەکان ڕایان کردووە.



گوێیە گەورەکانی یارمەتی دەدات لە دۆزینەوەی نێچیرەکەی و لەدەستدانی گەرمیدا.



مووە تایبەتەکانی گوێچکەی وەک پشیلەی کێویی ناو جەمسەرەکان وایە.

## پشیلەی کێوی

ئەم پشیلەیە لە رووبەرێکی گەورەی بیابانەکانی ئەفریقا و ئاسیادا دەژی. پشیلە کێوییەکان زیاتر بەوە ناسراون کە توانایەکی باشیان لە گرتنی باڵندەکاندا هەیە، تەنانەت دەتوانن باز بدەن و نێچرەکانیان بە ئاسمانەوە بگرن، هەروەها خشۆکەکان، شیردەری بچوک و شیردەرە گەورەکانی دیکەی وەک ئاسکیش ڕاو دەکەن. پشیلە کێوییەکان لە ئەشکەوتەکان و درزی ناو بەردەکان و چاڵە چۆڵەکانیشدا دەخەون.

## ڕێوی سەر لم

ڕێوی ڕەپڵ لە باکووری ئەفریقا و نیمچە دوورگەی عەرەبیی لە ئەشکەوت و چاڵی ناو بیابانە لمین و بەردینەکاندا دەژی. ڕێوییەکان دەتوانن لە کاتی ڕۆژدا چالاک بن، بەڵام زیاتر لە شەودا بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵە بچوکەکان دێنە دەرەوە. بنەپێیان فەروویەکی پێوەیە کە یارمەتیان دەدات بۆئەوەی لەسەر لمەکە بەئاسانیی بڕۆن.




## ژیشکی بیابان

ئەم ژیشکە لە ناوچە وشکەکانی باکووری ئەفریقا و نیمچە دوورگەی عەرەبی و عێراق هەیە. کاتێک لە ژێر هەڕەشەدا بێت خۆی لوول دەکات تاوەکو بە دڕکەکانی بەشە نەرمەکانی ژێرەوەی بپارێزێت. ژیشکەکانی بیابان چاڵ هەڵدەکەنن، تاوەکو بە ڕۆژ تێیدابن. لە وەرزی جووتبووندا مێیەکە لەو چاڵەدا چاودێری بەچکەکانی دەکات و بۆ ماوەی دوو مانگ شیریان دەداتێ. ژیشکە پێگەیشتووەکان باڵندە، هێلکە، دووپشک و ئاژەڵە بچوکەکانی دیکە دەخۆن.



## چەقەڵەکان

چەقەڵە پشت ڕەشەکان لە ناوچە دەشتاییەکان و بیابانەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری ئەفریقا دەژین و لە بیابانی کەلهاری خواردنیان لەسەر خۆراکی جۆراوجۆرە، لەوانە ئاژەڵە بچووکەکان، باڵندەکان، تووترکەکان و کاڵەکی کێویی کە ئەمانە لە وەرزە وشکەکاندا سەرچاوەیەکی گرنگی ئاون. چەقەڵەکان زۆر باشن لە بردنی ئەو گۆشتەی لەلایەن ئاژەڵەکانی دیکەی وەک کەمتیاری قاوەیی و شێرەکانەوە ڕاو کراوە.



## ئەسپی دەگمەن

ئەسپی پرزواڵسکی لە ناوچە وشکەکانی مەنگۆلیا هەبووە و گەڕاوە، بەڵام لە 1960 ەکانەوە لە ناوچە کێوییەکاندا نەماوە. خۆشبەختانە هێشتا لە باخچەکاندا هەندێک ڕەو هەن کە چاودێری دەکرێن بۆئەوەی وەچەکانیان بخرێتەوە ناو سروشت.



## میرکات

میرکاتەکانی بیابانەکانی کەلهاری و نامیب و ناوچە کراوەکانی باشووری ئەفریقا، بەکۆمەڵ دەژین و هەموویان بەیەکەوە کار دەکەن، کاتێک میرکاتێک سەر بۆ دەستکەوتنی خۆراک دادەنەوێنێتەوە ، دەبێتە باشرین ئامانج بۆ باڵندە ڕاوکەرەکان. بۆیە لە هەر گروپێکدا دانەیەک بەئاسۆیی لەسەر دارێک یاخود دەوەنێکەوە چاودێری ڕاوکەرەکان دەکات. ئەگەر دڕندەیەک شک بەرێت، پاسەوانەکە وەک زەنگێک دەوەڕێت و کۆمەڵەکەش بەسەلامەتیی ڕادەکەن بۆ ناو چاڵێکی پارێزراو، هەروەها میرکاتەکان لەناو کۆمەڵەکەیاندا دایەنیان هەیە کە چاودێری بەچکەکانیان دەکات لەو کاتانەی کە دایەکە لەگەڵ کۆمەڵەکەیدا لەدەرەوە نان دەخوات.

# خۆگونجاندن لەگەڵ ژیانی بیابان

بیابان شوێنێکی سەختە بۆ ژیان، بەڵام هێشتا چەندین ئاژەڵی جۆراوجۆر تێیدا دەژین. لەشی ئەو ئاژەڵانە و ئەو کردارانەی دەیکەن گونجاوە لەگەڵ مامەڵەکردن لەگەڵ پلەی گەرمی بەرز و کەمیی ئاو و خۆراک. لەوانەیە ئەو خۆگونجاندنە لە چەندین ئاژەڵی جیاوازدا هەبێت؛ بۆ نمونە، ڕێوی ئەفریقی بچوک و ژیشکی بیابان گوێچکەی گەورەیان هەیە کە یارمەتیان دەدات بۆ ڕزگاربوون لە گەرمای زۆر. هەندێک ئاژەڵی بنەڕەت جیاواز، وەک مشکی تووڕەکەداری ئوستورالی و مشکی ئاڵتونیی ئەفریقا لەیەک دەچن، چونکە هەردووکیان لە لمدا چاڵ هەڵدەکەنن، بەڵام لە هەمان کۆمەڵە نین. بەهەمان شێوە مرۆڤەکانیش دەتوانن لە بیابان بژین، بەهۆی ئەوەی کە دەتوانن زیاتر لە ئاژەڵان دەوروبەرەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بگونجێنن.



### سوبێر

ڕووەکەکانیش دەبێت لەگەڵ ژیانی بیابان ڕابێن. سوبێر ڕووەکێکی ئاودارە و گەڵای نییە، بۆئەوەی کرداری بەهەڵبوون تێیدا کەم ببێتەوە. دڕکەکان سوبێرەکان لە خوران دەپارێزن و یارمەتیان دەدەن تاوەکو گەرمییەکی کەمتر بگاتە ڕووەکەکە.



### خۆداپۆشین

مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سروشتی لەگەڵ بیاباندا ناگونجێن، بەڵام دەتوانن نشینگەیەک دروست بکەن و جلێک لەبەر بکەن کە لە گەرما و سەرمای زۆری بیابانەکان بیانپارێزێت، هەروەها چەندین ڕێگەیان بۆ دەستکەوتنی خواردن و خواردنەوە دۆزیوەتەوە.



پوولەکە لوسەکانی یارمەتی دەدەن بە لمەکەدا بخلیسکێت.

### ماسی سەر لم

ئەمە ماسی نییە بەڵکو خشۆکێکە، ئەم ئەکەنکۆرە (skink) کە جۆرە مارمێلکەیەکە. لەکاتی بوونی مەترسییەکدا، سەرەتا سەری لە لمەکەدا نقوم دەکات. لمۆزی ماسی سەر لم وەک شۆفڵێک وایە و شەویلگەی خوارەوەی گۆشەیەکی تیژی دروست کردووە، بۆئەوەی بتوانێت لمەکە هەڵبکەنێت و لەشی بەشێوەیەکی شەپۆلی دەجوڵێنێت تاکو زیاتر نقوم ببێت. کاتێک لە ژێر لمەکەدایە، قاچەکانی بڵاو دەکاتەوە. ماسی سەر لم شەوان لە کونەکەیدا بەسەر دەبات و بەیانیانێکی زوو یان ئێوارانێکی درەنگ بۆ ڕاوکردنی مێروو و نێچیرە بچوکەکان دێتە دەرەوە. پوولەکە شێوە ڕیشوویەکانی بۆ ڕۆیشتنی لەسەر ڕووە لمینەکان یارمەتی دەدات.

### ڕۆیشتن لەسەر لم

پێیەکانی ئەم مارمێلکە بچوکەی بیابانەکانی نامیب، لە شێوەی تۆڕێکدایە کە ئەمەش وا دەکات کێشەکەی بڵاو ببێتەوە و لە لمەکەدا نقوم نەبێت. ئەم مارمێلکەیە لە لە ڕۆژدا کونی ناو لمەکاندا دەژی و لە شەودا دێتە دەرەوە و بۆ خۆراکی وەک مێرووەکان دەگەڕێت.



چاوە گەورەکانی، گلێنەیەکی شێوە چیلکەیی هەیە و لە تاریکیدا دەکرێتەوە

### نقوموون لە لمدا

ماری ژەهرداری ناو لم، لە بیابانەکانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەژی و بە خۆنقومکردن لە لمەکەدا خۆی لە گەرمای ڕۆژ دەپارێزێت. بە خۆڕاوەشاندن لەشی خۆی لە لمەکەدا نقوم دەکات و تەنها چاو و کونە لووتەکانی لە دەرەوە دەهێڵتەوە، تاوەکو بتوانێت نێچیرەکەی دیاری بکات و ئاگای لە مەترسییەکانیش بێت. ئەم مارە بەشەو لە شوێنە شارەوەکەی دێتە دەرەوە و بە لابەلا بەسەر ڕووە لمینەکەدا دەڕوات،.لە ڕەفتار و ڕووخساریدا لە مارە زەنگۆڵەدارەکانی بیابانەکانی باکووری ئەمریکا دەچێت.



ماری ناو لم شێوەی خۆی وەک پیتی S لێ دەکات

شەپۆلەکان لە کلکییەوە بەرەو سەری دێن

هەتاوەکو زیاتر نقوم ببێت لمەکە زیاتر پشتی دادەپۆشێت.



### چاڵهەڵکەندن لە لمدا

مشکی تووڕەکەداری بیابەنکانی ئوسترالیا، بۆ خواردنی مارمێلکە لە کونەکەی دێتە دەرەوە. نینۆکە تەختەکانی پێشەوەی پێیەکانی بۆ لادانی لمەکەیە و بەشی سەرەوەی لمۆزی کە بە پێست داپۆشراوە، بۆ پارستنیەتی لەکاتی چوونە ناو لمەکە. ئەم مشکە نابینایە و بەشی دەرەوەی گوێشی نییە، ئەمەش بۆ ئەوەیە سەرێکی سافی هەبێت. وەک هەموو تووڕەکەدارەکانی دیکە، ئەم مشکە بەچکەکانی لە گیرفانیدا بەخێو دەکات و گیرفانی بەرەورووی کلکی دەکرێتەوە تاوەکو لەکاتی چاڵهەڵکەندندا لمی تێ نەچێت.

## بزنی کێوی عەرەبی

بزنی کێوی پتەوی دەگمەن، زۆر بەباشی لەگەڵ بیاباندا ڕاهاتووە. ئەم بزنە بچوکە، تاوەکو شانەکانی تەنها 1م (3پێ) درێژە، بۆیە لەژێر دەوەنەکاندا دەمێنێتەوە و پێویستی بەخۆراکێکی زۆر نییە. ئەم بزنە کێوییە دەتوانێت بۆ دەستکەوتنی گژوگیا دوورییەکی زۆر ببڕێت، هەروەها دەتوانێت زەوی هەڵبکەنێت و ڕەگ و سەلکەکانی لێوە دەست بکەوێت. ئەم بزنە پێویستی بە ئاوخواردنەوە نییە و ئاوی پێویست لە شەونم و ڕووەکەکانەوە وەردەگرێت. بەهۆی ڕاوکردنی زۆرەوە، لە ساڵانی 1979 لە سروشتدا نەما، بەڵام دەستەی پاراستنی نێودەوڵەتیی بەسەرکەوتوویی ئەم بزنە کێوییەیان گەڕاندەوە بۆ شوێنەکەی لە نیمچە دوورگەی عەرەبی.







## کلکێکی سێبەر دروستکەر

سمۆرەی سەرزەوی لە بیابانەکانی باشووری ئەفریقا دەژی. ئەم سمۆرانە بەیانیان زوو یاخود ئێواران درەنگ دێنە دەرەوە. لەو کاتانەدا کە بەدوای خۆراک، تۆو، گژوگیا، میوە، ڕەگ، مێروو، هێلکە و خشۆکە بچووکەکاندا دەگەڕێن کلکە توکنەکەیان وەک چەتری بەرخۆر بەکار دەهێنن. لە بەیانیە فێنکەکانیشدا خۆیان دەدەنە بەر خۆر، بۆئەوەی گەرم ببنەوە.



## حوشترەکان

حوشتری یەککۆپارە و دووکۆپارەی ئاسیایی، بۆ کەشوهەوای بیابان گونجاون. حوشتری یەک کۆپارە بە کۆرپەلەیی دوو کۆپارەی هەیە بەڵام کاتێک گەشە دەکات یەکێکیانی نامێنێت.



## ڕێوی ئەفریقی بچوک

ئەم ڕێویە تووکنانە بچووکترین ڕێوین و درێژییان لە سەری لووتیانەوە تاوەکو کۆتایی کلکیان، دەگاتە 40سم (16ئینج). گوێیە گەورەکانیان گەرمیی دەردەدات و یارمەتیان دەدات تاوەکو لە گەرمای زۆر ڕزگاریان ببێت. ئەم ڕێویانە گەرمترین کاتەکانی ڕۆژ لە کونەکانیاندا بەسەر دەبەن و لە شەودا بۆ ڕاوکردنی ئاژەڵە بچووکەکانی وەک مێرووەکان و مارمێلکە و کرتێنەرەکان دێنە دەرەوە. ئەم ڕێویانە لە بیابانەکانی سهەرا و نیمچە دوورگەی عەرەبی دەبینرێن.



## مانەوە بە گەرمیی

هامستەرە کورتەباڵاکان لە بیابانە ساردەکان و دەشتە سەوزەکانی ناوەڕاستی ئاسیا دەژین. وەک هەموو ئاژەڵە بچوکەکان، ڕووبەری لەشیان گەورەترە لە قەبارەیان، ئەمەش مانای ئەوەیە لەچاو ئاژەڵە گەورەکاندا زوو گەرمی لە دەوروبەرەکەیانەوە وەردەگرن و زووش ئەو گەرمییە دەدەنەوە، لەبەرئەوە بۆ مانەوەیان پێویستیان بە فەروویەکی ئەستوورە.



# کەشتیی بیابان



ئاگاداربە حوشتر لەسەر ڕێگەکەیە

حوشتر مرۆڤ و کەلوپەلەکان بەناو وشکترین بەشی بیابانەکاندا دەگوازێتەوە، تەنانەت لەژێر گەرمای بەتینی خۆر و لەناو گێژەڵوکەشدا. حوشترەکان زۆر گونجاون لەگەڵ کەشوهەوای بیابان و دەتوانن بۆ چەند ڕۆژێک بەبێ ئاو برۆن. ئەوان ئاوی لەشیان دەپارێزن، چونکە پێش ئارەقکردنەوە، پلەی گەرمێی لەشیان چەند پلەیەک بەرز دەبێتەوە و نزیکی دەکەنەوە لە هەوای دەوروبەریان، هەروەها میز و پیساییشیان زۆر خەست و وشکە. حوشترەکان درەختە ئەستوورەکانی بیابان دەخۆن و بۆماوەیەکی زۆر درێژ بەبێ خۆراک دەمێننەوە چونکە دەتوانن چەوری کۆکراوەی ناو کۆپارەکانیان بەکار بهێنن. دوو جۆر حوشتر هەیە ئەوانیش یەککۆپارە و دووکۆپارەن. هەردوو جۆرەکە ماڵی کراون بەڵام تەنها دووکۆپارەکە بەسروشتیی لەناو بیاباندا ماوەتەوە.





## گێڕانەوەی لم

حوشترەکان برژانگێکی درێژیان هەیە بۆئەوەی چاویان لە لم بپارێزێت. لە گێژەڵووکە لمییەکاندا حوشترەکان چاویان دادەخەن و لەژێر پێڵووی چاویانەوە دەتوانن بەباشیی ببینن و بەردەوامبن لە ڕۆیشتن، تەنانەت دەتوانن کونە لوتیشیان دابخەن و نەهێڵن لم بچێتە ناویەوە.



## یەککۆپارە

حوشترەکان ئاو لە کۆپارەکانیاندا کۆ ناکەنەوە، بەڵکو چەوری کۆ دەکەنەوە و هەرکاتێک خۆراکی پێویستیان نەبێت، بەکاری دەهێنن. کاتێک چەورییەکە زۆر کەم ببێتەوە کۆپارەکە دەچێتەوەیەک. حوشترە یەککۆپارەکان دەتوانن بەرگەی 6 پلەی سیلیزی (11 فەهرەنهایت) گۆڕانکاریی لە پلەی گەرمی لەشیاندا بگرن، هەروەها دەتوانن سێیەکی شلەی لەشیان لەدەست بدەن کە ئەمە لە مرۆڤدا کوشندەیە، بۆئەوەی قەرەبووی ئەمەش بکەنەوە، حوشترەکان دەتوانن لە یەک ئاوخواردنەوەدا نزیکەی 100 لیتر (20 گاڵۆن) ئاو بخۆنەوە.

قاچە درێژەکان وادەکات باڵای حوشترە یەککۆپارەکان بەرز بێت، لەو بەرزییەشدا هەواکە 10 پلەی سیلیزی (18 فەهرەنهایت) لەچاو هەوای زەوییەکە فێنکترە.

## باربەرەکان

وشترەکان بارهەڵگرێکی نایابن، ئەگەر بەباشی باریان لێبنرێت، دەتوانن 260 کگم (572 پاوەند) هەڵبگرن. پێش ئەوەی ئۆتۆمبێل و لۆری دروست بکرێت، حوشترەکان بۆ گواستنەوەی کەلوپەل لەنێوان باکووری ئەفریقا و ئاسیادا بەکار دەهات. کاتێک کاروانێک بەڕێ دەکەوت، نزیکەی پەنجا حوشتر یان زیاتری تێدابوو. ئەم کاروانانە هەندێکجار بە شەوان لە دەرەوەی شارەکاندا لە شوێنێکدا دەوەستان کە پێی دەگوترا کاروانسەرا.

## حوشترە ماڵییەکان

حوشترە یەککۆپارەکان لە نزیکەی 4000 ساڵ لەمەوبەرەوە لە نیمچەدوورگەی عەرەبیدا ماڵی کراون و بۆ باکووری ئەفریقا و هیندستان و پاکستان و ئوسترالیاش نێردراون.

## فرۆشتنی حوشتر

هەندێکجار بازرگانەکان چەندین میل بۆ فرۆشتنی حوشترەکانیان دەبڕن، وەک چۆن لەم بازاڕەی میسردا حوشتر دەفرۆشرێت. زۆرجار حوشترەکان بەهۆی قاچێکیان بەهەڵواسراوی دەبەسترێتەوە، بۆئەوەی لەجێی خۆیان نەجولێن و لە خاوەنەکانیان دوور نەکەونەوە و ڕێگە لە شەڕکردنی حوشترە نێرەکانیش دەگرن. نرخی حوشترەکان دەکەوێتە سەر ڕەگەز و تەندروستییەکەی. هەندێک لە حوشترەکان بۆ شیر و گۆشتەکەیان بەکار دەهێنرێن، هەندێکیشیان بۆ باربردن و هەندێکی دیکەشیان بۆ پێشبڕکێ بەکار دەهێنرێن. هەروەها سوود لە موو و پێستی حوشترەکە وەردەگرن و پاشەڕۆکەشی وەک سووتەمەنی بەکار دەهێنن.





## هەستانە سەر پێ

کاتیک حوشتر پشوو دەدات، پێیەکانی دەخاتە ژێر لەشییەوە. حوشتر پێستێکی ئەستوور بە پێ و سنگیەوەیەتی چونکە ئەوێ پەستانی زۆرتر دەکەوێتە سەری. بۆئەوەی هەڵبستێت، سەرەتا دەچێتە سەر ئەژنۆکانی و پاشان پێشەوەی قاچەکانی پێشەوەی ڕێک بکاتەوە، پاڵ بە قاچە بەهێزەکانی دواوەی دەنێت و ڕێکی دەکاتەوە. سوارەکان دەبێت لەو کاتەدا بچنە سەر حوشترەکە کە دانیشتووە و کاتێکیش هەڵدەستێت دەبێت توند خۆیان بگرن، چونکە حوشترەکە وەک جۆلانە بۆ پێشەوە و دواوە دەجولێت. کاتێکیش دووبارە حوشترەکە دادەنیشێتەوە، لەپێشدا دەچێتە سەر ئەژنۆی پێیەکانی پێشەوەی و پاشان پێیەکانی دواوەی بۆ زەوی نزم دەکاتەوە.



## لێخوڕینی حوشتر

حوشتری سواریی دەتوانێت لە ڕۆژێکدا 160 کم (100 میل) ببڕێت. حوشتری پێشبڕکێش، تێکڕای خێراییەکەی دەگاتە 33 کیلۆمەتر لە سەعاتێکدا (20 میل/سەعات).



خوری ناو گوێچکەی ڕێگریی لە چوونەناوەوەی لم دەکات



وەک حوشترە یەککۆپارەکان، حوشترە دووکۆپارەکان چەوری لە کۆپارەکانیاندا کۆ دەکەنەوە، بەڵام بەپێچەوانەی یەککۆپارەییەکانەوە، کاتێک چەورییەکە دەتوێتەوە، کۆپارەکەیان بەلادا دەکەوێت

## پێیە تەختەکانی

حوشترە یەککۆپارەییەکانی ناو بیابانە لمییەکان (لاپەڕە 12-13) پێیەکی پانی تەختیان هەیە کە یارمەتییان دەدات بۆئەوەی لەسەر لم بڕۆن و نوقم نەبن. وشترە کێوییەکان پێیەکی باریکتریان هەیە کە یارمەتییان دەدات بۆئەوەی بەسەر بەردەڵانەکاندا بڕۆن. وشترەکان سمیان نییە و لەجێی ئەوە دوو پەنجەی نینۆکداریان هەیە، هەروەها بنەپێیەکی ڕەقیان هەیە کە بەرگەی گەرمای لمەکە دەگرێت.



حوشتری دووکۆپارە فەرروویەکی ئاڵۆزکاوی هەیە کە بەشی سەرەوەی پێیەکانیشی دادەپۆشێت

## دووکۆپارە

ئەم حوشترە دووکۆپارە و فەرروویەکی ئەستووری هەیە کە لە سەرمای زستانی بیابانەکانی ناوەڕاستی ئاسیا دەیپارێزێت. ئەم حوشترانە لە بەهاردا فەرووە ئەستوورەکەیان فڕێ دەدەن. حوشتری دووکۆپارەی ماڵیی لە ناوەڕاستی ئاسیا هەیە و کەمتر لە هەزار حوشتری دووکۆپارەی کێویش لە بیابانی گۆبی بەزیندوویی ماونەتەوە.

# تاقمی حوشتر

زۆربەی حوشترەکانی جیهان حوشتری یەککۆپارەیماڵیکراون. هەندێک کەس پێیان وایە زۆر ناشرینن و بۆنیان پیسە، بەڵام دەشتەکیەکان ڕێزێکی زۆر لە حوشترەکانیان دەگرن و جلی جوانکاری و نایابیان لەبەر دەکەن. ئەوان جلیان بۆ زۆربەی بەشەکای حوشتر دروست کردووە کە کۆمەڵێک پارچەی چنراون و بە گوێچکەماسی و موروو و ئاوێنە و گوڵنکە ڕازێنراونەتەوە.
ئەم پارچە ڕازاوانە بۆ بۆنە تایبەتەکانی وەک ئاهەنگی هاوسەرگیریی و فێستیڤاڵە ئایینیەکان بەکار دەهێنرێن.لەبەرئەوەی ئەو شتانەی کە تایبەتن بە حوشتر زۆر جوانن، هەندێکیان بۆ جوانکاری ناوماڵیش بەکار دەهێنرێن. ژنە دەشتەکییەکان کاری چنین و نەخشاندن دەکەن و پیاوەکانیش زین و لغاو دروست دەکەن.







## کڵاوی حوشتر

ئەو کڵاوەی سەری حوشتر دادەپۆشت لە کۆمەڵێک دەزووی دروستکراوە. ئەو پارچەیەی سەرەوە هی ئێرانە و لە خوریی مەڕ دروست کراوە. ئەم چنراوە جوانەی لای ڕاستیش کە لە دەزووی ئاوریشم چنراوە، هی ئۆزبەکستانە و بە پەتێک یان زنجیرێک لەژێر چەناگەی حوشترەکە دەبەسترێت.



## ملوانکەی وشتر

ملوانکە مل و شانی حوشترەکانی پێ دەرازێنرێتەوە. ئەم دانەیەی خوارەوە لە پارێزگای سندی پاکستانەوە هاتووە و بە لۆکەی پتەو و گوێچکەماسیی ڕازێندراوەتەوە کە هێمایەکە بۆ سامان. لەم ساڵانەی دواییدا، شوشەی سپی و قۆپچەی پلاستێک جێگەی گوێچکەماسییەکانی گرتووەتەوە.



ملبەندی خوریی حوشتری دەشتەکییەکانی بەلوچ




## گوڵنکە و دەزووەکان

ژمارەیەکی زۆر گوڵنکەی لەخوری دروستکراو بە سەرو ملی حوشتردا هەڵدەواسرێت. ئەم دانەیەی کە لەسەرەوە دەیبینیت لەلایەن دەشتەکییەکانی بەلوجەوە دروست کراوە کە لەسەر سنوورەکانی ئێران دەژین.



## ملبەند

ئەم ملبەندە لە ڕاجستانی باکووری ڕۆژئاوای هیندستانەوە هاتووە و دانیشتوانی بیابانی سار دروستیان کردووە. ئەگەر ئەم پارچە دەستکردە جوانانە لەبەری حوشترەکە نەکەن، ئەوا دەرگای ماڵەکانیانی پێ دەرازێنرێتەوە. بەشی سەرەوەی ملبەندەکە لە دەزووی لۆکە یان ئاوریشم دروستکراوە و دەزووە درێژەکانیش لە خوری دروست کراون.

## کۆپان

تەختە و چەرمە جوانەکانی ئەم کۆپانە، ئەوە دەردەخات کە هی دەوڵەمەندەکانی توارێگە و دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم. پشتێنە درێژەکەی لەژێر سکی وشترەکە دەبەسترێت، تاوەکو کۆپانەکە لەجێی خۆی بوەستێت.



بەشی پشتەوەی کۆپانەکە لە گەشتە دورودرێژەکاندا پاڵپشتی سوارەکە دەکات.



مووررووە سپییەکان و گرێ ئاڵۆسکاوەکان، پێیان دەگوترێت (گرێی سەری تورک) و دەستچنی ئۆزبەکستانن.



## جلەکان

دەشتەکییەکان چەندین جلی جیاواز بە شانەکانی حوشترەوە هەڵدەواسن و هەندێکجاریش لەناو خێمەکاندا هەڵی دەواسن. شێوازی دروستکردن و ئەو ماددانەی کە تێیاندا بەکارهێنراوە ئەوە دەردەخات کە بۆ بۆنەیەکی تایبەتن یان هی خێزانە دەوڵەمەندەکانن.



قەراغە تەختەکان لەسەر ڕووی کۆپانەکەوە درێژبوونەتەوە

دەزووە ڕەشەکان لە مووی بزن و دەزووە ڕەنگاورەنگەکانیش لە خوریی مەڕ دروست کراون.



## جانتای بازاڕی

کەفەڵ بۆ ڕازاندنەوەی لاشەی وشترەکە بەکاردەهێنرێت. ئەم نەخشە لەسەر شێوازی سندەکان نەخشێنراوە و لە ناوەڕاستی هەر گوڵە بەیبونێکی زەرددا ئاوێنەیەک هەیە کە لەکاتی ڕۆشتنی حوشترەکە لەبەر خۆردا دەدرەوشێتەوە، ڕووتەختەکەشی پڕە لە قۆپچە و مورو کە بەدەزووی ڕانگاوڕەنگ چنراوە.



ئەژنۆپارێزی خوریی هی پارێزگای سندی پاکستانە



## ئامادەیە بۆ ڕۆیشتن

جلوبەرگی ئەم حوشترەی سەرەوە لەلایەن کۆچەرییە عەرەبەکانەوە دروستکراوە کە نەوە بە نەوە فێری دروستکردنی دەبن. لغاوی وشترەکە بە ڕێشمەکانییەوە بەستراوەتەوە و کۆپانەکەی لە چوارچێوەیەکی تەختە دروست کراوە و بۆ پاراستنی حوشترەکە جێگیر کراوە، هەروەها لە پێستی مەڕیش جێگەیەکی دانیشتن بۆ سوارەکە دروست کراوە. تای کۆپانەکە کە لە دەزوو دروست کراوە، بەهەردوو لای حوشترەکەدا هەڵواسراوە و بۆ گواستنەوەی کەلوپەل و خواردەمەنی بەکار دەهێنرێت. سوارچاکەکە قاچی چەپی لە قەراغی پێشەوەی کۆپانەکە دەئاڵێنێت و قاچی ڕاستی لەسەر پاژنەی چەپی دادەنێت.

## ئەژنۆپارێز

ئەژنۆپارێزەکان پارچەیەکی زیادەی سەیرن لە تاقمی حوشتردا و زۆر باو نین. ئەم پارچانە لە خوری دروستکراون و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو تاقمە گرانبەهایانەی کە بەجوانیی چنراون. ئەم تاقمانە لەلایەن دەشتییەکانی بەلوجەوە دروست کراون.

# ئاژەڵەماڵیکراوەکان



ئەم زەنگۆڵانە لە باشووری ڕۆژئاوای ئەمریکا لە سمی ئاژەڵ دروست کراون

هەزاران ساڵە مرۆڤەکان ئاژەڵیان ماڵی کردووە تاوەکو بۆ مەبەستی جیاواز بەکاریان بهێنن. هەندێک جۆری ئاژەڵ خۆیان لەگەڵ ئاووهەوای بیاباندا گونجاندووە، بەڵام هەندێکیشیان بەهۆی کەمئاوییەکی زۆرەوە لەناوچوون. تەنانەت حوشترەکانیش ناتوانن لە مانگە گەرمەکانی هاوینی بیاباندا، بەبێ ئەو مرۆڤانەی کە سەرچاوەی ئاو و لەوەرگایان پیشان دەدەن، بەزیندوویی بمێننەوە. هەرچەندە ئەسپەکان کەمتر لەگەڵ بیاباندا دەگونجێن، بەڵام ئەسپی عەرەبیی خێرا زۆر بەهادارە. سەگەکان بۆ ڕاوکردن بەکار دەهێنرێن، مەڕ و بزن و مانگاکانیش بۆ شیر و گۆشتەکەیان سوودیان لێ وەردەگیرێت، بەڵام کەناری بیابانەکان بەهۆی ئاژەڵی زۆرەوە تووشی کێشە بوون، بەتایبەت لەو ناوچانەی کە بیری وای کردووە هاوڵاتیان ئاژەڵێکی زۆرتر ڕابگرن.



## وشترمرخ (نەعامە)

هەر لە کۆنەوە پەڕی نەعامەکان بۆ جوانکاری بەکار هێنراون. توێکڵی هێلکەی نەعامەش بۆ دروستکردنی خشڵ بەکار هێنراوە (لا 60). لە باشووری ئەفریقا نەعامەکان بۆ پەڕەکانیان بەخێو دەکرێن و پێستەکەشی دەکەن بە چەرمێکی بەهێز و بۆ دروستکردنی پێڵاو بەکاری دەهێنن.



پارچەی ڕووپۆشی سەری ئەسپ کە لەگەڵ زینی پاشادا دەگونجێت



زینەکە لەسەر قوماشێک دادەنرێت کە لەگەڵ قوماشی زینەکەدا دەگونجێت

## زینێک بۆ پاشا

ئەم زینە جوانە تایبەتە بە ئەسپی پاشاکانی مەغریب. لە بڕێکی زۆر دەزووی ئاڵتوونی چنراوە و پاشاکان ئەم زینە لە بۆنە ڕەسمییەکاندا بەکار دەهێنن. ئەم شتە بەنرخە دەکرێت بە دیاری بۆ سەرۆکی وڵاتانی دیکەش.





ئەسپە عەرەبییەکان کلکیان بەرز ڕادەگرن

قاچە باریکەکان

## ئەسپی عەرەبی

چونکە لە جەنگدا زۆر خێرا و چالاکن، ئەسپەکان زۆر پەسەندی دەشتەکییە عەرەبەکانن و ئێستاش هەر زۆر پەسەندە لەلایان. ئەسپی عەرەبیی کۆنترین جۆری ئەسپە و ڕەسەنەکەی 4500 ساڵ پێش ئێستا لە نیمچە دورگەی عەرەبی هەبووە. ئەسپی عەرەبیی زیاتر بە ئەسپی بیابان بانگ دەکرێت و هێز و توانا و بەرگەگرتنێکی باشی هەیە. لەسەدەی حەوتەم بەدواوە، ئەسپی عەرەبی براون بۆ باکووری ئەفریقا و ئیسپانیا و پورتوگال، وەک ناوچەیەک کە لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون و باوەڕیان بە ئیسلام هێناوە.



## مەڕ یان بزن

مەڕ و بزن لە لێواری ئەو بیابانانە (ئەو ناوچانەی کە زۆر وشک نین و دوورن لە ناوەڕاستی بیابان) بەخێو دەکرێن کە بیری لێیە. بزنەکان بەرگەی کەشوهەوای وشک دەگرن و خواردنیان لەسەر ئەو ڕووەکانەیە کە ئەستوورن و لە شوێنی سەختدان، هەندێک جۆریان دوو ڕۆژ جارێک ئاو دەخۆنەوە، بەڵام مەڕەکان پێویستە ڕۆژانە ئاویان بدرێتێ. هەردووکیشیان گۆشت و خوری و شیر و موو بە خاوەنەکانیان دەدەن. ڕاگرتنی ئاژەڵێکی زۆر سەوزایی بیابانەکان وێران دەکات، چونکە ئاژەڵاکان ڕووەکێکی زۆر دەخۆن و پێیان لێ دەنێن.

## چوارپێیەکی نامۆ

حوشترە دووکۆپارەکان نزیکەی 4500 ساڵ لەمەوبەر ماڵیی کراون، تاوەکو وەک باربەرێک بەکار بهێنرێن.



کاتیک کەسێک حوشتری دووکۆپارە لێدەخورێت، لەنێوان هەردوو کۆپارەکەدا دادەنیشێت.





## گای کۆپارەدار

ئەم ئاژەڵە، لەهەر ئاژەڵێکی دیکە زیاتر بەرگەی گەرما دەگرێت؛ لەجیاتی بەشەکانی دیکەی لەشی، چەوریەکەی لە کۆپارەکەی سەرشانیدا کۆ بووەتەوە. کۆپارەکەی بەهەمان شێوەی کۆپارەی حوشتر کار دەکات و یارمەتی دەدات گەرما بەئاسانیی لە لەشییەوە دەربچێت. هەمان شت لە مەڕی کلک ئەستووریشدا هەیە و ئەویش چەوری لە کلکیدا کۆ دەکاتەوە.



## کۆتا شێر

ڕاوکردنی شێر بەسەر پشتی ئەسپەوە پێویستی بە سوراچاکێکی کارامە و ئەسپێکی ڕاهێنراو هەیە. ئەم تابلۆیە ڕاوکردنی شێر لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە جەزائیر پیشان دەدات. زین و ئاوزەنگەکان جێیەکی سەلامەت بۆ سوارچاکەکە دابین دەکەن. هەتا ساڵی 1850 شێر لە هەندێک ناوچەی بیابانی سەحرا مابوو، بەڵام کۆتا دانەیان ساڵی 1932 کوژرا.

دەموچاوێکی تەشیلەیی تایبەتمەندییەکی دیاری ئەسپی عەرەبییە. دوو چاوی گەورە و درەوشاوە و دوو کونەلووتێکی دیار و لمۆزێکی باریکیشی هەیە.



## لامای کێوی (Guanaco):

لامای کێوی بە ملێکی درێژی چەماوە ناسراوە، ئەندامی کۆمەڵەی حوشترەکانە و لە بیابانەکانی پاتەگۆنیای باشووری ئەمریکا دەژی. لاما و ئەڵپاکا (گیانەوەرێکە لە مەڕ دەچێت) هەردووکیان لە کۆمەڵەی وشترەکانن و وا دادەنرێت کە بنەچەی لاماکان بن. لاماکان وەک ئاژەڵێکی باربەر بەکار دەهێنرێن و ئەلپاکانیش بۆ خورییەکەیان ڕادەگیرێن.



## تانجی

کۆچەرییە عەرەبەکان ئەم سەگانە بۆ ڕاوکردنی کەروێشکی کێوی و ئاسک بەکار دەهێنن، یان لە کاتی ڕاوکردنی بازەکانیشدا بەکاریان دەهێنن. بەهۆی پشت و قاچە درێژەکەیانەوە تانجییەکان ڕاکەرێکی باشن و دەتوانن بەخێرایی 64 ک/کاتژمێر (40 میل/کاتژمێر) ڕابکەن. مێیەکانیان ڕاوکەرێکی باشترن، چونکە دەتوانن مەودایەکی زیاتر ڕابکەن و بەرگەی گەرمای زیاتر بگرن. تانجییەکان یەکێکن لە کۆنترین جۆرەکانی سەگ و بنەچەکەیان هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە نیمچە دوورگەی عەرەبییدا هەبووە.

# شوێنێک بۆ ژیان



خەڵکی بیابان پێویستیان بە پاناگەیەک هەیە تاوەکو لە کەشوهەوای سەختی بیابان بیانپارێزێت. لە هەندێک بیابان، خەڵکی لەناو خانووە هەمیشەییەکاندا دەژین، وەک ئەو خانووە قوڕانەی کە ئەمریکییە ڕەسەنەکان لە باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیانە. دەشتەکییەکانیش لەو کاتانەدا کە ئاژەڵەکانیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازنەوە، پێویستیان بە خانوویەکی جوڵاوە کە بتوانن بیپێچنەوە و لەگەڵ خۆیاندا هەڵیبگرن. خانووەکان هەمیشەییبن یان کاتی، پێویستە نەگەنەرێکی باشبن بۆ سەرما و گەرمای زۆری بیابان. ئەو خێمانەی کە بەئەستووریی لە مووی بزن دروست کراون، هەروەها ئەو خانووانەی کە لە دیواری ئەستور دروست کراون، بۆ کەشوهەوای بیابان گونجاون. هەروەها دەبێت خانووەکانی بیابان ئاو دانەدات، تاوەکو لە باران بیانپارێزێت.



### کوخی سانەکان

بەشێوەیەکی نەریتیی سانەکان (کە پێشیان دەگوترێت دارستاننشینەکان) لە بیابانەکانی کەلهاری پەناگەیەک لە لقی قامیش و گژوگیای وشک دروست دەکەن. هەندێکیان تەنها لە وەرزە ساردەکاندا ئەم پەناگەیە دروست دەکەن تاوەکو لە باران پارێزراوبن. لە وەرزە وشکەکاندا دابڕێکی سادە دەبێتە پەناگە و لە شەویشدا بە ئاگر خۆیان گەرم دەکەنەوە.

### دەوار

کۆچەرییە مەنگۆلیەکان لە خێمەیەکدا دەژین کە پێی دەگوترێت دەوار، ئەویش لە خوری مەڕ دروست کراوە. پارچە خورییەکان بەسەر چوارچێوەیەکی دارینیدا بڵاو دەکرێتەوە و لە بەشی سەرەوەشیدا کونێک دەهێڵدرێتەوە تاوەکو دووکەڵی ئاگری لێوە دەربچێت.



### ماڵی دەشتەکییەکان

پیاوانی کۆچەرییە عەرەبەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بیابانی سەهرا، لەلایەکی خێمەکانیاندا پێشوازی لە میوانەکانیان دەکەن. بەشی ژنانیش بە پەردەیەک جیاکراوەتەوە. کۆچەرییە عەرەبەکان کەلوپەلێکی کەمیان هەیە و دەتوانن لەگەڵ خۆیاندا بیانگوازنەوە. شمشێر و دەمانچە و کەلوپەلی دروستکردنی قاوە کە لەم وێنەیەدا دەبینرێت، لە کەلوپەلە بەهادارەکانیانە (لا. 47، 51-50).



### قاپی گەورە

قاپەکەیان ئەوەندە گەورەیە کە مەڕێکی تەواوی تێدا جێدەبێتەوە. تەنها لە هەندێک بۆنەی تەیبەتی وەک بۆنە ئایینییەکان، یان هاتنی کەسێکی گرنگدا، مەڕ یاخود بزن سەردەبڕن. پیاوەکان لەسەر زەوییەکە دادەنیشن و هەموویان لەسەر هەمان قاپ بە پەنجەکانی دەستەڕاستیان نان دەخۆن. ژنان و منداڵانیش لە لایەکی دیکەی خێمەکەدا نان دەخۆن.



## پەردەی دەرگە

ئەم سەرزینە چەند پارچەیە کە ساڵی 1930 دروست کراوە، وەک پەردەی دەرگە بۆ دروستکردنی سێبەر و شاردنەوەی ماڵەکە بەکار هاتووە. ئەم سەرزینە لە لۆکە و ئاوریشم دروستکراوە و بە تەقەڵی یەکتبڕ نەخشێندراوە.





گوندی ئەمریکییە ڕەسەنەکان



ئەم خانووانە کە لەژێر زەویدان، لەلایەن ماتماتاکانی تونسەوە دروست کراون و نزیکەی 2000 ساڵ بەکار هێنراون.

## مانەوە

هەموو دانیشتوانی بیابان کۆچەریی نین. دانیشتوانی ڕەسەنی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گوندیان لە قوڕ و تەختە و بەرد دروست کردووە. خەڵکی ماتماتای تونس لە کۆمەڵێک ماڵی فێنکی وەک ئەشکەوتدا دەژین کە لە زەوی بیابانەکەدا هەڵیان کەندووە. خانووی بیابان دەبێت نەگەیەنەرێکی باش بێت تاوەکو لە گەرمای ڕۆژ و سەرمای شەو بیانپارێزێت. خانووەکان لە دیواری ئەستوور دروست دەکرێت کە پەنجەرەی بچوکیان تێدایە.

ژیان لەژێر زەویدا دابڕێکی باشە لەدژی گەرما و سەرما.

## ڕەشماڵی کۆچەرییەکان

ئەم ڕەشماڵە لە توکی بزن و خوری دروست کراوە و گەرمای بەتینی خۆر و بارانە بەهێزە چاوەڕواننەکراوەکانیش دەگێڕێتەوە. دیوارەکانی ئەملاولا بە سەقفەکەوە بەستراوەتەوە تا لم و بای بەهێز و سەرمای شەوە ساردەکان بگێڕێتەوە. کاتێک کۆچەرییەکان هاوسەرگیریی دەکەن ڕووبەری خێمەکە زیاد دەکەن. پیاوێکی دەوڵەمەند کە خاوەنی خێزانی گەورەیە خێمەیەک دروست دەکات کە ژووری زیاتری تێدایە.



## خانووی گەڕۆک

وەک کۆچەرییەکان، لولپێچەکانیش ماڵەکانیان لەگەڵ خۆیاندا دەگوازنەوە.



ئەگەر باران بارێت، مووەکان ئاو هەڵدەمژن و دەکشێن، بەمەش خێمەکە ناهێڵێت ئاو بێتە ژوورەوە

خێمەکان بەگرێی توند، بە چەند کۆڵەکەیەکەوە دەبەسترێنەوە کە بە زەوییەوە ڕاگیر کراوە. زۆرجار ژنان خێمەکان دروست دەکەن

بەشی ژنان شوێنی دانیشتن و خەوتن و چێشتلێنانی تێدایە.

دەشتەکییەکانی ئەمڕۆ لەجیاتی کۆڵەکەی تەختە و ئاسن، کۆڵەکەی پلاستیکیی سووک بەکار دەهێنن

# خواردن و خواردنەوە

هەندێک لە دانیشتوانی بیابان، وەک خەڵکە ڕەسەنەکانی ناوەڕاستی ئوستراليا و سانەکانی بیابانی کەلهاری، سەردەمانی پێشوو بەهۆی ڕاوکردن یاخود کۆکردنەوەی خۆراکەوە بەزیندوویی دەمانەوە، ئەوان بە پێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر کۆچیان دەکرد و تەنها چەند ئامرازێکی کەمی ڕاوکردن و چەند دەفرێکی پڕ خۆراکیان هەڵدەگرت. ئەو کۆچەرییانەی کە حوشتریان هەیە، وەک کۆچەرییە عەرەبەکان و کۆچەرییەکانی باکووری ئەفریقا، دەتوانن کەلوپەلی زیاتر لەگەڵ خۆیاندا ببەن و شیر و گۆشتیشیان لە ئاژەڵە ماڵییەکانەوە دەست دەکەوێت. کۆچەرییەکان ڕاویش دەکەن و ڕاوکردنی ئاژەڵ بۆ ئەوەیە کە ئاژەڵە بەنرخەکانیان سەر نەبڕن. هەرچەندە شێوازی ژیانی زۆرێک لە خەڵکی بیابانەکان گۆڕاوە، بەڵام هەندێک نەریتی کۆن هەر بەردەوامە.



## دروستکردنی کەرە

ئەم کۆچەرییە عەرەبە مەشکەی پڕ لە ماست ڕادەژەنێت تاوەکو بیکات بە کەرە. ماستەکە لە شیری مەڕ یاخود بزن دروست دەکرێت و دوای کوڵاندنی دەکرێتە ناو مەشکەکەوە، پاشان هەوێنی لە ماستێکی دیکەوە تێ دەکرێت، ئەم هەوێنەش بەکتریاکە دەخاتە ناو مەشکەکەوە و شیرەکە دەگۆڕێت بۆ ماست. دوای ئەوەی ماستەکە دروست بوو، مەشکەکە سەعات و نیوێک ڕادەژەنرێت و بەمەش ماستەکە دەگۆڕێت بۆ کەرە و لە مەشکەکەدا هەڵدەگیرێت.

## ڕاوکردن لە کۆندا

خەڵکانی ڕەسەنی بیابان، کۆمەڵێک ئامرازی سادە و چەکی تایبەتیان بۆ ڕاوکردن بەکار هێناوە. ڕمهەڵدەرێک پاڵ بە ڕمەکەوە دەنێت تاوەکو دوورترین ماوە بڕوات، لکاندنی چەقۆ بەردینەکان بە بنێشت یاخود مۆم بە سەری ڕمەکەوە، وادەکات ڕمەکە برینداركەرێکی باش بێت و گۆشتی نێچیرەکە یان بەستەر و ژێکانی ببڕێت. بۆ ئاگرکردنەوەش نوکی تیژی ڕمەکە بەخێرایی لە بەردێکی دیکە دەخشێنرێت، تاوەکو پریشکی ئاگر دروست بکات و گیا وشکەکە گڕ بگرێت. زۆرجار ڕمهەڵدەرەکە وەک قاپیش بەکار دەهێنرێت.



بوومڕانگ (داری چەماوە) بۆ کوشتنی ئاژەڵ بەکاردەهێنرا

بومڕانگێکی قولاپدر وەک کوتەکێک بەکار دەهێنرا

ڕمهەڵدەرەکە لە یەکێک لە لاکانیدا قولاپێکی هەیە کە کلکی ڕمەکەی لێ دەبەسترێت



گوریس لە لقی درەخت و پێستەی ئاژەڵ دروست دەکرێت

## تیروکەوانی سانەکان

ئەمڕۆ تەنها هەندێک لە سانەکان بە تیروکەوان ڕاو دەکەن (لا 49). ئەوان بەدوای نێچیری وەک ئاسکەکێوییەکاندا دەگەڕێن و دواتریش لێیان دەدەن و ڕاویان دەکەن. تیرە قامیشییەکان ئەوەندە بەهێز نین کە بتوانن ئاژەڵ بکوژن، بۆیە لە ژەهر هەڵدەکێشرێن، پاشان ڕاوکەرەکان دوای ئاژەڵەکە دەکەون تاوەکو بە ژەهرەکە دەمرێت. گۆشت لەگەڵ ئەو میوە و سەوزە و خواردن و چەرەساتانە پێشکەش دەکرێت کە لەلایەن ژن و منداڵانەوە کۆ دەکرێنەوە.



جانتای ڕاوکردن لە پێستی ئاژەڵ دروست دەکرێت و بەکار دەهێنرێت بۆ گواستنەوەی تیر و ئامڕازەکانی ڕاوکردن

تەلی تیروکەوان لە ڕیشاڵەکانی درەخت و ژێی ئاسکی کێوی دروست دەکرێت

ئەو ژەهرەی کە لە تیرەکە دەدریت، لە گوشینی کرمۆکەی جۆرێک لە قالۆنچە دەردەهێنرێت و دواتر پاڵفتە دەکرێت

سەری تیرەکە لە کانزایەک دروست دەکرێت و بە بنێشت و بەستەرێک بە دارەکەوە دەلکێنرێت

## تەڵەی ئاسک

سوپرایزێکی ناخۆش چاوەڕوانی ئەو ئاسکەیە کە پێ بەم تەڵەیەدا دەنێت کە لەلایەن تواریگەکانەوە دانراوە. ئاسکەکە دڕکێکی تیژ بە گۆشتی قاچیدا دەچەقێت و لەهەمان کاتیشدا پەتێک لە قاچی قوربانییەکە دەئاڵێت. تەڵەکە بەهۆی مێخێکی تەختەوە لە زەوییەکەدا ڕاگیر کراوە. لە ڕابردوودا، ئاسکەکان زیاتر بۆ خواردن ڕاو دەکران؛ ئێستا دەپارێزرێن و ڕاوکردنیان قەدەغەیە، بەڵام هەر مەترسیی ڕاوکردنی نایاسایییان لەسەرە.

## قاپوقاچاخی توارێگەکان

توارێگە کۆچەرییەکان بەهۆی بازرگانیان بە بەردە خوێییەکان و فرۆشتنی شیرەمەنی و داهاتی گەشتیارییەوە دانەوێڵەیان دەکڕی. دوای ئەوەی دانەوێڵەکەیان دەکری لە سەبەتەیەکدا شەنیان دەکرد و تۆوەکەیان لە کایەکە جیا دەکردەوە. دواتر دانەوێڵەکە دەخرایە مەنجەڵێکەوە و دەکوڵێنرا و شۆربای لێ دروست دەکرا، پشان لە قاپێکدا دەیانخوارد.



مەنجەڵی چێشت



سەبەتەی شەنکردن



کەوچکی تەختە

## جانتای ئاو

ئەم جانتایە کە لە پێستی بزن دروست کراوە، لەلایەن دەشتەکییە عەرەبییەکانەوە بۆ گواستنەوەی ئاو بەکار دەهێنرێت. لە کۆندا دەشتەکییەکان پشتیان بە دەرهێنانی ئاو لە بیرەکان دەبەست و ڕێگەی ڕۆشتنیان بە بیاباندا بەپێی ئەو بیرانەوە دیاری دەکرد کە دەهاتە سەر ڕێیان. ئەمڕۆ کۆچەرییەکان لەگەڵ خۆیاندا تەنکی ئاو بۆ بیابان دەبەن و بۆ خۆیان و ئاژەڵەکانیان بەکاری دەهێنن.



پەتێکی خوریی چنراو، دەمی تورەکەکە دەبەستێت، بۆئەوەی ئاوی لێ نەڕژێت

کاتێک کولەکەکە دەشکێت بە تەقەڵێکی بەهێز دەدورێتەوە کە لە گیا و چەرم دروست کراوە.





تەختەی ئەم تاسە بەجوانیی ساف دەکرێت و لەژێرەوە بە پارچەیەکی کانزایی پێکەوە دەلکێنرێت



## قاپی ناسک

ئەو کاسانەی لە قوڕ و بۆ جوانیی دروست دەکران زۆر نەدەخرانە بەردەست و بەکار نەدەهێنران، وەک ئەم دانەیەی لەلایەن زوونییەکانەوە دروست کراوە. زونییەکان لە گوندەکاندا دەژین بۆیە دەتوانن ئەم کەلوپەلە ناسکانە بپارێزن. ئەم کاسە نەخشێنراوە لە سەدەی 19 دا بۆ هەڵگرتنی خۆراک بەکار دەهێنرا. قاپی (calabash) لە کولەکەی گەورە دروست دەکرا و لەلایەن فولانییەکانەوە-نیمچە کۆچەرییەکانی کەنارەکانی بیابانی سەحرا (لا 48)-وەک دەفرێک بۆ شتهەڵگرتن بەکار دەهێنرا .

## قاپی قوڵی نان

ژنە دەشتەکییەکان ئەم قاپە دارینە بۆ شێلانی هەویر بەکار دەهێنن. دواتر هەویرەکە بە دەست پان دەکەنەوە و نانێکی گەورەی لێ دروست دەکەن. دواتر نانەکە لەسەر سینییەک دەبرژێنن کە ئاگری لەژێردایە. ئەو نانەی کە دروستی دەکەن زۆر ئاڵ نییە چونکە خومرەی تێدا نییە.

## دروستکردنی قاوە

میوانەکان بۆ خواردنەوەی ئەو قاوەیە بانگهێشت دەکرێن کە لەلایەن گەورەی خێمەکەوە دروست کراوە. کاتێک میوانەکە قاوەکەی خواردەوە ئەوە لە ژێر پارێزگاریی خانەخوێکەدایە. لە کاتی دروستکردنی قاوەدا، قاوەکە بە ئاگر دەبرژێنرێت و پاشان لە قاپێکی دارینی سارد دەکرێتەوە. دوای ئەوەی لە دەسکەوانێکدا دەکوترێت، قاوەکە لەگەڵ حێلدا دەکوڵێنرێت. کاتێک قاوەکە دەکوتن، بە شێوازێکی دیاریکراو دەیکوتن کە ئەوە نیشان دەدات میوانیان هەیە. قاوەکە لە کوپی بچوکدا پێشکەش دەکرێت و ئەو میوانانەی کە تایبەتن دوای ڕاوەشاندنی کوپەکەیان و گەڕاندنەوەی بۆ خاوەنماڵەکە، تا سێ جار قاوەیان پێ دەدەنەوە.



تورەکە گەورەکان بۆ هەڵگرتنی دەنکی قاوەکان بەکار دەهێنرێت و تورەکە بچوکەکانیش حێلی تێ دەکرێت. هەردوو تورەکەکە لە چەرم دروست کراون و بە کۆڵەکەی خێمەکەوە هەڵدەواسرێن



ئەم جانتا ئاوریشمە کە قاوەی تێ دەکرێت، خاوەندارێتییەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەشتەکییە دەوڵەمەندەکان



دەسکەوان

قاپی ساردکردنەوە

دەنکی قاوەکان لەم تاوەیەدا دەبرژێنرێن و بە کەوچکەکە تێک دەدرێن



قاوەکە لە لولەکەدا بەهۆی چیلکەی بچوکەوە دەپاڵێورێت

قاوەکە لە دەلەیەکی گەورەدا ئامادە دەکرێت و پاشان حێلی تێ دەکرێت و لە دەلەیەکی بچوکدا پێشکەش دەکرێت

# جلوبەرگی پیاوان

بەهۆی گەرما و سەرمای لەڕادەبەدەری بیابان، جلوبەرگی نەریتیی دەشتەکییەکانی بیابانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و توارێگەکانی بیابانی سەهرا، بەجۆرێک دروست کراوە کە بەباشی دەیانپارێزێت. ڕۆبە درێژەکان پێستیان لە خۆر و گەرما دەپارێزێت و هەواگۆڕکێی ناو جلەکەش ئاسان دەکات. جلوبەرگە فراوانەکەشیان وا دەکات کە ئارەقەکەیان درەنگ ببێت بە هەڵم، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەو هەوا وشکەدا لەشیان زوو وشک نابێتەوە. کڵاو سەریان لە گەرمای خۆر دەپارێزێت و پارچە قوماشێکیش دەموچاویان دادەپۆشێت و ناهێڵێت لم بچێتە ناو دەمیانەوە. هەروەها جلوبەرگ بۆ گەرمکردنەوەی جەستەیان لە شەوە ساردەکانی بیاباندا پێویستە، بەتایبەت لە وەرزی زستاندا. دەکرێت جلوبەرگەکان زۆر ڕازاوە بن و هێمایەک بن بۆ دەوڵەمەندیی و پایەداریی.



**میکیاجی پیاوان**

پیاوانی ڕۆژئاوای ئەفریقیا، بۆ سەرنجڕاکێشانی ژنان، لەکاتی سەمادا ڕووخساریان ڕەنگ دەکەن. وۆدابەکان (wodaab) کە سەر بە دەشتەکییە فولانییەکانن، ساڵانە لەگەڵ ئاژەڵەکانیان لەنێوان کەنارەکانی بیابانی سەهرا و دەشتە دوورەکانی باشووردا کۆچ دەکەن.



**کڵاوی بەرخۆر**

ئەم کڵاوە پیاوانی فولانییەکان لەکاتی شوانیدا بۆ پاراستنی سەریان لەسەری دەکەن. فولانییەکان لە کەنارەکانی بیابانی سەهرا لە ڕۆژئاوای ئەفریقا دەژین و بەدرێژایی ڕێگە چاککراوەکان، دەڕۆن و بۆ لەوەڕگای نوێ دەگەڕێن. ئەو کڵاوەی لە ڕیشاڵ دروست دەکرێت، پیاوان دەیچنن و ژنانیش ئەو چەرمانەی بۆ جوانکاری پێوە دەکەن. دروستکردنی ئەم کڵاوە جوانە و چنینە ئاڵۆزەکەی و پێوەکردنی چەرمەکەی، بەلایەنی کەمەوە هەفتەیەکی دەوێت، بەڵام دروستکردنی کڵاوێکی ئاسایی، کەمتر لە ڕۆژێکی پێویستە.

چەرمە سوورەکە بە هەرزنی سوور ڕەنگ دەکرێت و چەرمە ڕەشەکەش بە قەدی هەرزنەکە ڕەنگ دەکرێت.





ئەو پارچە کۆن و نوێیانەی کە بۆ ڕازاندنەوە بەکار هێنراوە، ئەوە دەردەخات کە ئەم کڵاوە لە وەچەیەکەوە بۆ وەچەیەکی تر ماوەتەوە.

**کڵاوی ئاهەنگەکان**

ئەم کڵاوە نایابە تەنها لە بۆنە تایبەتەکانی وەک ئاهەنگی هاوسەرگیریدا لەسەر دەکرێت، کڵاوەکە بە تەقەڵی یەکتربڕ دووراوەتەوە و بە قۆپچە و مورووو ڕازێنراوەتەوە. بە مووروە سپیەکاندا وا دەزانیت ئەم کڵاوە ئۆزبەکییە، بەڵام ئەم کڵاوە لە سنوورەکانی ئەفغانستانەوە هاتووە.



گوڵینکەکان لە لایەکی پشتێنەکەوە بەردەبێتەوە

**پشتێنی قاچ**

ئەم پشتێنە گەورانە پێشتر لەلایەن کۆچەرییەکانی ئۆزبەکستانەوە بەکار هێنراوە. جووتیکی لێکچوو لەم پشتێنانە لەخوار ئەژنۆیان دەپێچن و لەنێوان پانتۆڵە کورتەکان و گۆرەوییە درێژەکانیاندا دەیبەستن. بەدەگمەن سوارچاکێکی ئۆزبەکیی بەبێ ئەم پارچەیە دەبینرێت. ئەم پشتێنە لە ئاوریشم دروستکراوە و بە تەقەڵی ڕێک نەخشێنراوە.



**جلوبەرگی توارێگەکان**

پیاوە توارێگیەکان بە قوماشێک دەموچاویان دەپێچن و ژنانیش ئەو قوماشە دەدەن بە سەریاندا. پیاوان بە شەرمی دەزانن کە دەمییان دانەپۆشن.

## جلوبەرگی زوونییەکان

زوونییەکان کە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەمریکان، بۆ خۆپاراستن لە سەرما، چاکەتێکی گەورەی خەتدار لەبەر دەکەن. زوونییەکان ئێستاش ملوانکە و سەرپۆشە نەریتییەکانیان بەکار دەهێنن.





## کوڕە شوان

شوانە کۆچەرییە مەنگۆلیەکان، پێویستیان بە جلی گەرمە تاوەکو خۆیان لە سەرمای زستانی بیابانی گۆبی بپارێزن. بەردەوام ئەسپەکان بەکاردەهێنن بۆ گواستنەوەیان لە ئۆردوگایەکەوە بۆ ئۆردوگایەکی دیکە. ئەمڕۆ زیاتر ماتۆڕ بەکار دەهێنن، بەڵام ئەسپەکان گونجاوترن بۆ ئەو کاتانەی کە سوتەمەنی کەمە.







## جلوبەرگی عەرەبی

جلوبەرگی نەریتی کۆچەرییە عەرەبەکان بریتیە لە جزداشەیەکی سپی درێژ و عەبایەکی بێقۆڵ و عەگالێک. عەگالەکە بە دوو پەتی خوری ڕەشی ئەستور دەبەسترێت. دەتوانن کۆتایی عەگالەکە لە سەر و ملیان بپێچن و لەسەرما بیانپارێزێت (وێنەکەی سەرەوە لای ڕاست). لە ڕۆژە فێنکەکاندا کۆتایی عەگالەکە لول دەکرێت و لەپشتەوە بە پەتەکان دەیبەستن (وەک وێنەکەی سەرەوە لای چەپ). عەباکە لە مووی وشتر یان خوری و لۆکە دروست دەکرێت. ئەمڕۆ لە جلوبەرگە نوێکانیاندا لەجیاتی عەبا، چاکەت لەبەر دەکەن.



لە کاتی ڕاوکردندا، تیرەکانیان لە لولەکێکی تەختەدا لە شان دەکەن.



## لەژێر جلەکانیانەوە

پیاوە توارێگەکان بەخۆیان دەڵێن پیاوانی داپۆشراو. بە پارچەیەک قوماش سەریان دادەپۆشن و پاشان بە بەشێکی قوماشەکە ناوچەوان و مل و دەموچاویشیان دادەپۆشن. بۆ ئەم پیاوە شەرکەرانە، داپۆشینی دەموچاویان وا دەکات ئاسانتر لە سزادان ڕزگاریان ببێت. کاتێک کوڕێک دەگاتە تەمەنی پێگەیشتن، بەردەوام بەم شێوەیە ڕووخساری دادەپۆشێت و بەدەگمەن لە سەری دەکاتەوە و تەنانەت لە خەویشدا لێی ناکەنەوە.

## ڕاوکەرە سانەکان

خەڵکی هەندێک لە بیابانەکان، زیاتر ئەوەیان بەلاوە پەسەندە کە لە گەرمادا جلی کەم لەبەر بکەن. سانەکانی بیابانی کەلهاری وەک نەریتێک کەمترین جل لەبەر دەکەن. پیاوەکان پەشتەماڵێک لەبەر دەکەن کە ئەندامی زاوزێیان دادەپۆشێت و ژنانیش تەنورەیەکی کورت لەبەر دەکەن. سانەکان عەبایان هەیە و لە شەوە ساردەکاندا لەبەری دەکەن. ئەمڕۆ زۆربەی سانەکان جلوبەرگی سەردەمیی لەبەر دەکەن و کەمێکیشیان بە شێوەیەکی سەرەتایی لەسەر ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراک دەژین.

# تاقمی پیاوان

چەکەکان تەنها بۆ شەڕکردن نین؛ بەڵکو هێمای پلەوپایەن، سامانی پیاو و پێگەکەی دەردەخەن. هەندێک لە کۆچەرییەکانی بیابان، وەک توارێگەکان و کۆچەرییە عەرەبەکان، بە ئازایی و چاونەترسیان لە جەنگدا ناسراون و پیاوەکانیان هەمیشە چەک لەگەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن. ئێستا تەنها لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا چەکە ڕازێندراوەکان هەڵدەگرن. کۆچەرییەکانی ناوچەکانی دیکە، کەلوپەلی دیکەی خۆڕازاندنەوە هەڵدەگرن و تەنانەت لەشیشیان بۆیە دەکەن.



ئەم پەتە لەشان دەکرێت و شمشێرەکەش بە پێشدا شۆڕ دەبێتەوە

## شمشێرە بەنرخەکان

کۆچەرییە عەرەبەکان هەمیشە شمشێرە نەخشێنراوەکانیان دەکەنە دیاری بۆ ئەو میوانانەی کە لەلایان شکۆداره. ئەم شمشێرەی سەرەوە شمشێری توارێگەکانە و دەسک و کیفی هەیە، کاتێک لەنێوان نەوەکاندا دەگوازرێتەوە بەردەوام دەمەکەی دەتوانرێت تیژ بکرێتەوە. دەمی شمشێرەکە دووفاقییە و بەوەش ترسناک دەردەکەوێت.



ئەم شمشێرە تەمەنی سێ نەوە دەبێت، بەڵام کالانەکەی نوێیە.





## بەختێکی باش

لای شوانەکانی ئەفریقاکلکی ئاژەڵ کۆمەڵێک تایبەتمەندی سەرسوڕهێنەری هەیە، ئاژەڵەکان کلکیان بۆ دوورخستنەوەی مێشومەگەز بەکار دەهێنن، دەشتەکیەکانیش لەو کلکە مێشکوژ دروست دەکەن. کلکی ئەم مانگایە لەلایەن تیرەکانی سۆدانەوە وەک بەختهێنەرێک تەماشا دەکرێت و لە قۆڵیانی دەپێچن.



پەتێکی بە مورووی ڕازێنراوە لە کلکی مانگاکە دەئاڵێنرێت و زیادەکەشی بۆ هەڵواسینی کلکەکەیە بەقۆڵیاندا

## خەنجەری دەشتەکییەکان

خەنجەر لە پێشتردا بۆ خۆنیشاندانی سەربازی و جەنگ بەکار دەهات، بەڵام ئێستا لە سەربڕینی ئاژەڵ و بۆنە و ئاهەنگەکاندا بەکار دەهێنرێت. پیاوە کۆچەرییەکان خەنجەر بە پشتێنەکانیاندا دەکەن. کالانی ئەم خەنجەرانە لە تەختە دروست دەکرێت و بە زیو ڕووپۆش دەکرێت. دەمی خەنجەرەکە لە ستیل دروست دەکرێت و دەسکەکەی لە ئێسک، تەختە، عاجی فیل، شاخ یاخود پلاستیک دروست دەکرێت و دەتوانرێت وەک ئەم کالانانە بە زیو ڕووپۆش بکرێت.



## زیوی نەخشاو

بەرگ و دەسکی ئەم خەنجەرەی کۆچەریە عەرەبەکان لە سەدەی 19 بە نیلۆ (دارشتەیەکە لە مس و گۆگرد و زیو پێکدێت) ڕازێنراوەتەوە. خەنجەرەکەش بە تواندنەوەی تۆزێکی تایبەت لە قاڵبێکی زیوندا، دروست کراوە.

## جانتای دەستی

چونکە عەبای توارێگەکان گیرفانی نییە، جانتای وەک ئەمە بۆ هەڵگرتنی پارە و کەلوپەلە بەنرخەکانیان دروست دەکەن و دەسکەکەی لەمل دەکەن. ئەم جانتا ڕازاوەیە لە چەرم دروست کراوە و ناوەڕاستە سەوزەکەی لە خوری چنراوە.

## نەخشاندنی خەنجەرەکان

خەنجەری توارێگەکان چەندین قەبارە و شێوەی جیاوازیان هەیە. پیاوەکان ئەم خەنجەرانە بە پشتێنەکانیانەوە دەکەن. ئەو پیاوانەی ئاسنگەر و پیشەگەر بوون، بەشێوەیەکی نەریتی لە کۆمەڵەیەکەوە دەچن بۆ کۆمەڵەیەکی دیکە و خەنجەر و شمشێر و خشڵ (لا 57-56) دروست دەکەن و هەواڵە نوێیەکانیش دەگوازنەوە. پیاوەکان کاری کانزاگەری و ژنەکانیش کاری جوانکاریی و چنین دەکەن.





دوو ئەڵقە بۆ بەستنی خەنجەرەکە لە پشتێنیان

ئەم چەرمە ڕەنگی سەوزی لێ دراوە بۆئەوەی ڕەنگێکی پیرۆزەیی هەبێت و لەو ژنگە بچێت کە لەسەر کانزاکانی وەک مسی زەرد و سوور و برۆنز دروست دەبێت

کیفەکەی لە چەرم دروست کراوە و بە زیو و مسی زەرد ڕازێنراوەتەوە





توارێگەکان بە چەرمە باش و بەناوبانگەکانیان ناسراون

ئەم خەنجەرە لە دەسکەکەیەوە تا کۆتایی دەمەکەی 38سم (15 ئینجە).



توارێگەکان نەخشی خەنجەرەکانیان بە شێوەیەکی ئەندازەیی دەنەخشاند، بەهۆی ئەوەی لەو کاتەدا موسڵمانەکان ڕێگەیان نەدەدا وێنەی باڵندە و ئاژەڵ و مرۆڤ لە بەرگی خەنجەرەکاند دروست بکرێت.



ئەو نەخشەی کە بۆ بۆنەیەکی کراوە دروست دەکرا، ڕاز و هێما پیرۆزەکانی تێدا نەبووە

## خۆڕازاندنەوە

خەڵکە ڕەسەنەکانی ئوستورالیا، بۆ ڕازاندنەوەی لەشیان لە کاتی ئاهەنگەکاندا، بۆیەیان بەکار هێناوە. ئەم پیاوە لە کۆمەڵەی ئەرێنتەکانە کە لە کۆندا بە (ئاڕاندا) ناسرابوون و لە بیابانی سمپسندا ژیاون.

## کەرەستەی داتاشین

ئەم چەقۆیە لەلایەن دانیشتوانە ڕەسەنەکانەوە بۆ داتاشین بەکار هێنراوە. ئەوان بەوریاییەوە بوتڵە شوشەکانیان شکاندووە و دەمی چەقۆکەیان لێ دروست کردووە، دواتر بە کەتیرەی ڕووەکەکان دەسکێکی دارینیان پێوە کردووە.



شوێنەواری خوێنی مرۆڤ لەسەر دەمی چەقۆکە دۆزراوەتەوە

## بەسەر پشتی حوشترەکانەوە

کاتێک توارێگێکی چەکدار وشترەکەی لێدەخوڕێت، دەبێت دەرکەوتنێکی سامناکی هەبێت. ئەمڕۆ دەشتەکییەکانی دیکە چەک لە بۆنە و ئاهەنگەکانیاندا هەڵدەگرن، بەڵام توارێگەکان هێشتا حوشتر لێدەخوڕن و شمشێر هەڵدەگرن.



ئەم تفەنگە قۆناغ درێژە، لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و لە سەدەی هەژدەهەمدا دروست کراوە



لولەکێکی خولاوە بۆ گوللەکان

## چەکەکان

چەکی وەک ئەم تفەنگە شەشخانەیە لە سەدەی هەژدەهەمدا لەلایەن کۆچەرییە عەرەبەکانەوە بەکار هێنراوە. تفەنگ جێگەی ڕمەکانی گرتەوە و کاری ڕاوکردن و پەیداکردنی خۆراکی ئاسانتر کرد. دواتر کاتێک خەڵکی لە شارۆچکەکانەوە هاتن، بە ماتۆڕ دوای ئاژەڵەکانی وەک گای کێوی دەکەوتن و ژمارەیەکی لەرادەبەدەریان لێ ڕاوکرا. دەمانچە (pistole) لەلایەن کۆچەرییە عەرەبەکانەوە لە سەدەی نۆزدە و بیستدا بۆ جەنگ و بەریکردن لە خۆیان بەکار دەهێنرا، ئەوان کیفی چەکەکانیان لە پشتێنەکانیان دەبەست و تاقمی فیشەکەکانیشیان بە سنگیانەوە دەبەست.

# جلوبەرگی ژنان

جلوبەرگي نەريتی ژنان، وەک جلوبەرگی ژنانی ئەردەن، زۆر لەگەڵ ئاووهەوای بیاباندا گونجاوە. سەرپۆشی گەورە و عەبای درێژ و ئەو ماددەیەی کە لێی دروست دەکرێت، نەگەیەنەرێکی باشی گەرمیین و لە تیشکی خۆر دەیانپارێزێت. جلوبەرگی ڕۆژهەڵاتی فشە و شێوەی لەش، قۆڵ، قاچ و سەری تێدا دەرناکەوێت. لە هەندێک وڵاتدا کاتێک دەچنە دەرەوەی ماڵ، لەگەڵ سەرپۆش و عەباکاندا ڕووخساریان بە پەچەش دادەپۆشن. جلوبەرگە ڕازاوەکان نیشانەی دەوڵەمەندین و تەنها بۆ بۆنە تایبەتەکان لەبەر دەکرێن. خشڵەکانیش هێمای دەوڵەمەندین و هەندێک پارچەی وەک لولەکیش بەکار دەهێنرێن.






## لاتەنیشت و پشتی جلەکان

پشت و لاتەنیشتی جلوبەرگی ئەردەنیەکان، جلێکی یەکپارچە نیشان دەدات. سەرپۆشێکی ڕەشی سادە سەر و ملی ژنەکان دادەپۆشێت. ئەو لیرە زیوینانەش کە لەسەر ناوچەوانیانە، لیرەی ڕووسی و عوسمانییە. ئەو لیرانەش کە لەسەریانەوە بەرەو پشتیان شۆڕ بووەتەوە، ناسراوە بە لیرەی ماریا تێرێزا کە لەبنەڕەتدا لە ئیمپراتۆریەتی هاپسبۆرگی ئوسترالیاوە هاتووە، بەڵام دوای ڕووخانی ئمپراتۆرییەتەکە، هێشتا ئەو لیرەیە لە سکە دەدرێت.






## جلوبەرگە ڕەشەکان

بەشێوەیەکی نەریتی جلوبەرگی دانیشتوانی بیابان لە قوماشێکی لۆکە دروست دەکرێت، وەک ئەم دانەیەی ساڵی 1950. ئێستا قوماش دروست دەکەن بەڵام وەک کۆنەکان لۆکە نین و وەک ئەویش فێنک نین. لولەکە درێژەکان کە پێیان دەوترێت لولە و زنجیر، پارچە کاغەزێکی تێدایە کە قورئان (کتێبی پیرۆزی ئیسلام)ی لەسەر نووسراوە و بە کۆمەڵێک خشڵی دیکەش ڕازێنراوەتەوە کە لەسەر شێوەی مانگە کە هێمایەکی ئیسلامییە. ئەو ژنە سوراحیەکی ئاوی کۆچەریەکانی هەڵگرتووە.



## پشتێنی زونیەکان (ئەمریکیە هیندیەکان)

ئەم پشتێنە خورییە ڕەنگاوڕەنگە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی 19، ڕۆژانە ژنان وەک بەشێک لە جلەکانیان لە کەمەریان دەئاڵاند. زوونیەکان دانیشتوانی ڕەسەنی باکووری ئەمریکان و لە ویلایەتی نیومەکسیکۆ و ئەریزۆنای ئەمریکا دەژین.



## سەرت داپۆشە

کڵاو بۆ پاراستنی سەر لە گەرمای زۆر بەتینی بیابان گرنگە. ئەم کڵاوە لە ئۆزبەکستان بە شێوازێکی زۆر ئاڵۆز و کارامەیی نەخشێندراوە. لێواری خوارەوەی بە زنجیرێکی یەکلایی نەخشێنراوە. ئەمەی سەرەوە، کڵاوی منداڵانە.







## سەتەنی گرانبەها

چەند مادەیەکی زۆر بۆ دروستکردنی ئەم جلوبەرگە ئەردەنیەی ساڵانی 1930 بەکارهێنراوە. بەکارهێنانی کوتاڵێکی زۆر مانای دەوڵەمەندییە. پشتێنە خوریەکە بەشە زیادەکەی جلەکەی هەڵگرتووە، بەڵام واش هەر لە زەوییەکە دەخشێت. قۆڵی ڕاست لە قۆڵی چەپ درێژترە، بۆیە کۆیان کردووەتەوە و بە دەرزی نوساندویانە بەسەر شانیانەوە، ئەوەش جلوبەرگێکی تایبەتی ئەو سەردەمە بووە. ملوانکەیان لە زیو و مەرجان دروست کردووە و لولە و زنجیرەکانیشیان کاغەزێکی تێدا بووە کە قورئانی لەسەر بووە.




## دروستکردنی جانتا

ئەم جانتا دووبەرە ئاوریشمییە لەلایەن ژنانی کۆچەریەوە دروست کراوە. شوشەیەکی بچووکی تێدایە کە ماددەیەکی تێدایە بۆ چاوڕەشکردن و پێی دەگوترێت کل کە بەردێکی کانزایی وردە. کل وا دەکات چاو گەورەتر دەربکەوێت و لای ژنانی موسڵمان و هیندییەکانیش باوە، ئەوان باوەڕیان وایە کە چاو لە نەخۆشیی دەپارێزێت و بۆ زیادکردنی توانای بینینیش باشە. ئەوان کل لە چاوی منداڵەکانیشیان دەدەن.

# بووکەکانی بیابان

هاوسەرگیری لە هەموو جیهاندا کاتی ئاهەنگگێڕانە و بایەخێکی زۆریش بە جلوبەرگی بووک دەدرێت. لە ئەردەن بووک چەند جلوبەرگێکی جیاواز لەبەر دەکات. دواتر ئەو جلانە هەڵدەگیرێن و لە بۆنە تایبەتەکانی دیکەدا لەبەر دەکرێن. بووکی لادێکان و بووکە کۆچەرییەکانیش، خشڵی زیو و ئاڵتون لەکاتی هاوسەرگیریدا وەردەگرن و دەبێت بە هی خۆیان، هەروەها وەک نەریتێک پارە و خۆراکی وەک شەکر و برنج وەردەگرن. ماڵی زاوا دەچن بۆ ماڵی بوکەکە و بە ئۆتۆمبێل یان ئەسپوعەرەبانەیەک بووکەکە بۆ ماڵی خۆیان دەهێنن. لە ڕێگە پیاوێک تفەنگ دەتەقێنێت و کۆمەڵێک ژنیش گۆرانی دەڵێن. ئاهەنگەکە سێ ڕۆژ یان زیاتر دەخایەنێت و پیاوەکان لە خێمەیەکدا دەبن و ژنەکانیش لە خێمەیەکی دیکەدا. زۆربەی ئاهەنگەکان لە پێنجشەمە یاخود هەینیدایە کە ڕۆژی پیرۆزن لای موسڵمانان.

## جانتای وشتر

ئەم جانتایە بۆ هەڵگرتنی مارەییە و لە هیندستان دەخرێتە سەر پشتی ئەو وشترەی کە بووکەکەی پێ دەگوازرێتەوە. نەخشە ئاڵۆزەکەی سەر پشتێنەکە لەلایەن پیاوەکانەوە نەخشێندراوە و پاشان بە دەزوویەکی ڕەنگاوڕەنگ کە بە بۆیەی سەوزە ڕەنگکراوە، لەلایەن ژنەکانەوە چنراوە.



گیرفانێک بۆ خشڵەکان

گیرفانی جانتاکە بە ئاوێنە ڕازێنراوەتەوە





سەرپۆشەکە بەشێکی جیاوازە لە عەباکە، وا چنراوە کە لەگەڵ جلەکەدا ڕێک بکەوێت.

پەچەی بیابانەکان زۆر قورسە، بۆیە تەنها لە دەرەوەی ماڵ بەکاری دەهێنن

## پەچەی بیابان

شێوازی ئەم جلی بووکە کە تەواو دەستچنە، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1940، بۆیە هەم کارێکی زۆرتری ویستووە و هەم کاتێکی زۆریش. پشتێنە بەدەست چندراوەکە بە گوێچکەماسی ڕازێنراوەتەوە تا بەختیان بۆ بهێنێت. ئەو ڕیزە لیرەیەی کە لەسەر دەموچاویەتی بە پەچەی بیابان ناسراوە و بە ئەڵقە و مووروو و زنجیر لە لاکانەوە بە سەرپێچەکەوە بەستراوەتەوە . ئەم جلوبەرگە هی سینای میسر و باشووری فەلەستینە.



لە سینا، ئەو خشڵە زیوەی کە سەریانی پێ دەڕازێننەوە، تاکێکی دەچێتە سەر گوێچکەیان



ئەو نەخشە بە چەکوش دروست کراوە

نەخشە ڕەشەکە بە نیلۆ دروست کراوە

ئەم بازنە لە میسر دروست کراوە

## هەموو خشڵەکان

ژنە کۆچەریەکان کاتێک هاوسەرگیری دەکەن خشڵ و گەوهەریان پێ دەدرێت. ئەو خشڵانەش خێزانی زاوا یان باوکی خۆی بۆی دەکڕێت. ئەو خشڵانە دەبن بە سامانی خۆی و دڵنیایی دەدەنێ بۆ داهاتووی. ئەگەر بۆی گونجا دواتر دەتوانێت خۆی زیاتر بکڕێت. لە سەرەتای سەدەی بیستدا نەخشی نیلۆ زۆر باو بوو، چونکە لە سەر ئەو خشڵانە دەنەخشێنرا کە زیوی زۆری تێدابوو، بۆیە ڕاستەخۆ کڕیارەکە دەیزانی ئەو خشڵەی کڕیویەتی بەهایەکی بەرزی هەیە. ئەمڕۆ ئاڵتوون لە پارچە زیوە کۆنە قورسەکان باوترە .

## بووکەکانیش ڕەش دەپۆشن

هەموو نەتەوەکان جلّی تایبەت بە ئاهەنگەکانیان سپی نییە. ئەم بوکە ئەردەنیە لە ساڵی 1950 جلی ڕەشی لەبەر کردووە، هەروەها کۆمەڵێک چاوەزاری پێوەیە کە بۆ هێنانی بەختێکی باشتر یاخود وەک شتێکی هیوابەخش، لەبەر دەکرێن. ماسیی ناو جلەکە هێمای وەجاخ ڕوونیە و بەتایبەتیی بۆ بووک گونجاوە. شێوازی ئەم جلە شێوازێکی بەناوبانگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە.



ئەو خەتە ڕەنگاوڕەنگانە هەندێکیان بەڕێکی دووراون و ئەوانی دیکەش بە شەپۆلیی دووراون.

لولە و زنجیرە زیوەکە دەتوانرێت بکرێتەوە و کاغەزێکی تێ بکرێت کە قورئانی تێدا نووسراوە

پارچەیەکی سپی دراوە بەسەر ڕەشەکەدا تاوەکو ڕەنگە ڕەشەکە و ڕەنگەکانی دیکەش دەربکەون.





سەرەڕای ئەوەی بۆ جوانکارییە، قوماشە ئاوریشمەکە سەرپۆشەکەش ڕاگیر دەکات.

## سەرپۆشی ئاوریشم

قوماشێکی چرچی ئاوریشم بەسەر سەری بووکەکەدا دەکرێت و ملیشی دادەپۆشێت. لەچکەکەی لەچکێکی ئاوریشمیی سورییە و دەزووی ئاڵتونیی پێوەکراوە. بووکەکە قۆرییەکی قاوەی زەردی کۆنی هەڵگرتووە.



## جانتای مارەیی

ئەم جزدانە هی ڕاجستانی باکووری ڕۆژهەڵاتی هیندستانە. بووکەکان بەکاریان هێناوە بۆ هەڵگرتنی مارەیی، کاتێک لەماڵی باوکیانەوە چوون بۆ ماڵی هاوسەرەکانیان. ئەم جانتایە بە شێوەیەکی چوارگۆشەیی جوان چنراوە و سێ سوچی لە ناوەڕاستدا بەیەکەوە دووراون. سوچی چوارەمی بەشە کراوەکەی جزدانەکەیە و بە ئاوێنە ڕازێندراوەتەوە. ئەم کارە دەستییانە لە ڕۆژئاوای ئاسیا بەناوبانگن و پێیان گوتراوە شیشە.



دەسکێکی تازەی لەجیاتی دەسکە شیبووەوەکە بۆ دروست کراوە

## جانتای حوشتر

ئەم جانتا خوریە چنراوە جانتای مارەییە و بەو حوشترەوە دەکرێت کە بووکەکەی بۆ ماڵە نوێیەکەی هەڵگرتووە. ئەم جانتایە هی ئەفغانستانە.

# خشڵ و گەوهەر

لەناو ئەو سامانە کەمەی کە بیابانئشینەکان هەیانە، خشڵەکان زۆر بەنرخن، کۆچەریەکان وەک بانکێکی گوازراوە بەکاری دەهێنن و لە کاتە سەختەکاندا دەیفرۆشن، وەک ئەو کاتەی کە ئاژەڵەکانیان بەهۆی وشکەساڵیی و گەرماوە دەمرن. خەڵکانی نەڤاجۆ لە باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان, لە وەرزی زستاندا پشتیان بە بەرەهندانی خشڵەکانیان دەبەست، چونکە لەو کاتەدا نەیادەتوانی بە ئاژەڵ و کشتوکاڵ پارە پەیدا بکەن. خشڵەکان دەکرێت بکڕدرێن یان لە هەموو مادده بەنرخەکانی دیکەی وەک زیو دروست بکرێن. نەخشی خشڵەکان ساڵانە گۆڕانکاریی بەسەردا دێت و هەندێک نەخشیش بۆ چەند سەدەیەک بەنەگۆڕیی دەمێننەوە، هەندێک لە نەخشە کۆنەکانیش دووبارە بەکار دەهێنرێنەوە. هەندێک لە خشڵەکان هێمایەکی ماناداریان هەیە و هەندێکیشیان بۆ هێنانی بەختی باش و چاوەزار بەکار دەهێنرێن.



نەخشێک کە خونچەی کولەکەی تێدایە

فەیروزە ڕەنگ جیاوازەکان دەخرێنە ناو مانگێکی زیوینەوە

## بازن

لای ژنە توارێگەکان بازنە زیوەکان زۆر باون و زۆرجار دوو دانەی لێکچوو دەخەنە هەردوو دەستیانەوە. سەرەتا وەک بزمارێکی سادە دروستی دەکەن و دواتر دەینوشتێننەوە، پاشان نەخشەکەی لەسەر دەکێشن و مۆری لێ دەدەن. بازنی فولانیەکان (لای چەپ) لە چەرم دروستکراوە و بە مسی زەرد یان یاخود سوور ڕازێندراوەتەوە. ژن و کچە فولانیەکان لە بۆنەکاندا چەندین بازنی وەک ئەمە لە دەست دەکەن.

## چاوەزاری توارێگەکان

هەندێک لە توارێگەکان پێیان وایە بەکارهێنانی چاوەزار لە شەڕەنگێزیی و برینداربوون دەیانپارێزێت و زۆرجار لەملی دەکەن.
چاوەزارە گەورەکان لە زیو دروست دەکرێن و ئەڵقەیەکی چەرمیان پێوە دەکرێت. چاوەزاری خڕ بەهۆی شێوەکەیەوە پێی دەگوترێت چاوەزاری کیسەڵیی و لە لیرەی نیکڵ و زیوی کۆن دروست کراوە.



ئەم چاوەزارەی توارێگەکان لە بەردێکی نیمچەگرانبەها دروست کراوە کە پێی دەگوترێت یاقووت



## مستیلەی فەیروز

لەلای زیوگەرە ڕەسەنەکانی ئەمریکا، تێکەڵکردنی زیو و فەیروز زۆر باوە. ئەم مستیلانە لەلایەن ناڤاجۆکانەوە دروست کراون. فەیروز لە زەوییە ڕووتەڵەکانی وەک نیومەکسیکۆ و نیڤادا و ئەریزۆنا دەدۆزرێتەوە.



مورووی پلاستیکی

ئەڵقە کانزاییەکان دەکرێن بە قایشێکی چەرمەوە

## پاوانەی فولانییەکان

هەرچەندە ئەم پاوانەیە هەردوو ڕەگەز بەکاری دەهێنن، بەڵام پیاوانی فولانی لە ژنان زیاتر گرنگی بە جلوبەرگ و جوانکاریی دەدەن (لا. 48). جوانکاریەکان زیاتر لە بۆنەکاندا بەکار دەهێنرێن کە ئاماژەیە بۆ دەستپێکردنی وەرزێکی باراناوی. مەبەستی سەرەکی ئەم بۆنەیە پێشبڕکێیەکی پیاوانە بۆ سەرنجراکێشانی ئەو ژنانەی کە هاوسەرگیرییان نەکردووە.

## خونچەی کولەکە

ئەم ملوانکەیە لەلایەن نەڤاجۆکانەوە دروست کراوە. خونچەی کولەکەی زیوین، شێوەکەی لە گوڵی هەنارەوە وەرگیراوە و پێشتر ئەو ئیسپانیانە لەملیان کردووەوە کە لە سەدەی شازدەدا ئەمریکایان داگیر کرد. هەروەها شێوەی مانگەکەش هەر لە ئیسپانیەکانەوە وەرگیراوە کە ئەوانیش لە مەراکیشیە موسڵمانەکان وەریان گرتبوو (لا 52). ناڤاجۆکان لە ناوەڕاستی 1800 دا کاریان لەسەر زیو کردووە. سەرەتا زیویان لە تواندنەوەی لیرەوە دەست کەوتووە، دواتریش بە سڵەگ (1 slugسڵەگ= 14.59 کغم) و بە قاڵب لە بازرگانەکانیان کڕیوە.





ملوانکەی شوشەی فولانیەکان



ملوانکەی یاقووتیی سودانیەکان



ملوانکەی بۆنداری سندەکان

## ملوانکەی جوان

دەکرێت هەموو ماددەیەک بکرێت بە ملوانکە، بە مەرجێک بتوانرێت لە مل بکرێت. ددان، قوڕ، شوشە، ئاوریشم و بەرد، هەموویان لە دروستکردنی ملوانکەدا بەکار دەهێنرێن. ملوانکەکانی پارێزگای سند لە مێخەک و ئاوریشم و مورووی شوشە دروست دەکرێن، تەنانەت دوای 50 ساڵیش لە دروستکردنی ملوانکەکە، مێخەکەکە هەر بۆنی خۆشە. ملوانکەی فولانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم و کوڕ و کچە گەنجەکان بەکاریان هێناوە.



ملوانکەیەکی ڕەسەنی ئوسترالی کە لە ددانی کەنغەر و بنێشتی ڕەنگکراو دروست کراوە.



پارچەی توێکڵی هێلکەی نەعامە

## متومورووەکان

مورووە زەردەکانی ئەم ملوانکەیەی ساحل (باشووری سەهرا) لە پاشماوەی بەبەردبووی کەتیرە دروست کراوە کە پێی دەگوترێت کەهرمانە (بۆ ڕووپۆشکردن بەکاردێت) و دەردراوی درەختی عەنبەرە. ئەم خشڵە لە باکووری ئەفریقا زۆر بەنرخە. کەهرمانەکانی ئەم ملوانکەیە لە چاد دروست کراوە، بەڵام زنجیرەکەی لەلایەن توارێگەکانی نایجەرەوە دروست کراوە. مورووەکان لە ئێسک، زیو، شوشە، یاخود توێکڵی هێلکەی نەعامەش دروست دەکرێن.

کاتێک کەهرمانە پاک دەکرێتەوە، بۆنی خۆش دەبێت

ئەو نەخشە ڕەشانە، بە سووتاندنی ئێسکەکان دروست دەکرێت



## دەمبووسی قژ

کەلوپەلی جوانکاریی بۆ ڕازاندنەوەی هەموو لەش بەکار هێنراوە. ئەم دەمبوسە ئاڵتوونیە کە لە سودان هەیە، لە ڕازاندنەوەی قژدا بەکار دەهێنرێت.



## خاچی تەواو نین

هەندێک لەم خاچە توارێگیانە لە ئانکی (هێمای ژیان) میسریە کۆنەکان دەچێت. توارێگەکان موسڵمانن بەڵام زیوگەرەکانیان کەوتونەتە ژێر کاریگەری چەندین کلتووری جیاوازەوە. نزیکەی 21 خاچی توارێگی جیاواز بوونی هەیە و پیاوان وەک ناسنامەی هۆزەکەیان بەکاری دەهێنن. زیوگەرە توارێگییە داهێنەرەکان، هەندێکجار ماددەکان دووبارە لە خشڵەکانیاندا بەکاردێننەوە. ئەم خشڵە زیوە لە تواندنەوەی لیرە زیوییەکانەوە دروست کراوە و بەشە سورەکەشی لە لایتی ئۆتۆمبێل دروست کراوە.

ئەم نووکە سوورە لە لایتی دواوەی ئۆتۆمبێل دروست کراوە

# ڕستن و چنین

چنین یەکێکە لەو ڕێگەیانەی کە کۆچەریەکانی بیابان هونەری خۆیانی پێ پیشان دەدەن. چنراوەکاڵن دەکرێت بۆ کاروباری ڕۆژانە یان ڕازاندنەوە بەکار بهێنرێن. ئەو خوریەی کە لە چنیندا بەکاری دەهێنن، یاڵن لە ئاژەڵەکانیان دەسیان دەکەوێت، یان لە شار دەیکڕن. سەرەتا خوریەکە دەڕێسن و دەزووی (شلیلە) لێ دروست دەکەن، دەکرێت پێشٚ چنینیش دەزووەکە بۆیە بکەن. ئامێرە پێشکەوتووەکانی چنین بۆ ژیانی کۆچەریەکان زۆر کردەیی نییە، بۆیە دەبێت دەزگای چنینەکەیان سادە بێت. ژنە کۆچەریەکان لە چنیندا کارامەن و تیزماڵی خێمە، پەردەی خێمە، بەرگی سەرین، جانتای زین و کورتانی بۆ وشتر و ئەسپەکانیان پێ دروست دەکەن.



## ڕستنی دەزوو

ژنە کۆچەرییە عەرەبەکان بە تۆپەڵ خوری پاکی مەڕ دەکڕن، یاخود خوریی مەڕ و بزنەکانی خۆیان دەبڕن و بەکاری دەهێنن. ڕستن بۆ کۆکردنەوەی خورییەکەیە تاوەکو دەزوویەکی بەهێزی لێ دروست بکەن. کاری یەکەمی ژنە کۆچەرییەکان ئەوەیە خوریەکە بە (شە) لەیەکتری جیا بکەنەوە، بۆئەوەی زیاتر شیتەڵ ببێت. دواتر خورییەکە دەخولێنێتەوە و لەسەر تەشیەک بایدەدەن هەتاوەکو دەبێت بە شلیلە. پاشان هەمان کردار دووبارە دەکرێتەوە هەتاوەکو تەشیەکە پڕ دەبێت. دواتر دەزووەکە لە تەشیەکە دەکرێتەوە و تۆپەڵ دەکرێت و کلافەی لێ دروست دەکرێت.



بەشە تیژەکەی پێشەوەی تەشییەکە دەزووەکە بۆخۆی ڕادەکێشێت.

### هەڵکردن

پاشان ئەو دەزووەی کە دروست بووە، لەسەر کلافەیەک هەڵدەکرێت و لە تەشییەکە لێدەکرێتەوە.



### ڕستن

دوای ئەوەی بەخێرایی تەشیەکە لەسەر ڕانی دەسووڕێنێتەوە، بەرزی دەکاتەوە و لێی دەگەڕێت تا بخولێتەوە.



قولاپێکی کانزایی لەسەر لوتکەی تەشیەکەیە

### لولکردن

تەشیرێسەکە خوریەکە دەردەهێنێت و بەدەوری سەرە تیژەکەی تەشیەکەدا لولی دەکات.









جانتای حوشترەکە نەخشی دیکەی تێدا دروست دەکرێت، چونکە لە وڵاتە ئیسلامیەکاندا ڕێگەیان بە وێنەی ئاژەڵ نەدەدا

### جانتای حوشترەکان

ئاسانترین شێوە بۆ هەڵگرتنی کەلوپەل لەسەر پشتی حوشتر ئەوەیە کە لە جانتایەکدا بیانپێچیتەوە کە دەکرێت بە کۆپانی حوشترەکەوە. جانتای وشتر لە کاروانەکاندا بۆ هەڵگرتنی سامان و کەلوپەلەکان بەکار دەهێنرێت، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە لە شوێنێکەوە دەچن بۆ شوێنێکی دیکە. کاتێک سەرەتا جانتاکە دروست دەکەن نەخشێکی سادە بەکار دەهێنن، دواتر بۆ ڕازاندنەوەی دەزووی دیکە بەکار دەهێنن.

گرێیەک لە کۆتایی پەتەکە دەدرێت بۆئەوەی نەکرێتەوە

### کاری منداڵان

ئەم کۆپانە چنراوە هی ئۆزبەکستانە، ئەو نارێکییەی کە لە چنینەکەدایە، ئەوە دەردەخات کە لەلایەن کچێکی 10 ساڵەوە دروست کراوە و خوریەکەش پاشماوەی ئیشی دایکیەتی. لای دەشتەکییەکان، وەک نەریتێک کچان لەلایەن دایکیانەوە فێری چنین دەکرێن.



## تەونەکان

تەونەکان لەنێوان دوو ئاسندا ڕایەڵ دەکرێن، هەروەها دوو چین تەون بە چەقۆیەکی تەختە جیا دەکرێنەوە و لە نێوان جەمسەرە کانزاییەکاندا هەڵدەکرێن. دواتریش خەڕەکێک دەخرێتە نێوان تەونەکانەوە، بۆئەوەی دەزووەکانی پێ بچنرێت.

خەڕەک پارچە تەختەیەکی سادەیە کە دەزووەکەی پێوە دەئاڵێنرێت





بۆیە دەستکردەکان ڕەنگێکی ڕووناکتر لە ڕەنگە سروشتییەکان بە دەزووەکە دەدەن

## زیادکردنی دەزووەکان

دوای ئەوەی دەزووەکان دەچنە نێوان یەکەم چینی تەونەکانەوە، دەبێت چینی دووەمی تەونەکان بەدەست بەرز بکرێتەوە. کاتێک تەونەکانی ڕاکێشا ئەو کاتە دەتوانێت خەڕەکەکە ڕابکێشێتەوە و چینێکی دیکەی دەزوو زیاد بکات.

ئەو دەزگای چنینە کە لەسەر زەوی دایدەنین، لە دوو تووڵ و مێخێک و بلۆکێک پێک هاتووە، بۆیە بەئاسانی دادەنرێت و دەشگوازرێتەوە



مێخەکە بۆ ئەوەیە تەونەکە ڕاگیر بکات، ئەمەش گنگە بۆئەوەی چنینەکە باش دەربچێت

## دەزووە ڕەنگاوڕەنگەکان

پێشتر ژنە کۆچەرەیەکان تەنها ڕەنگی سروشتیان بۆ ڕەنگکردنی خوری مەڕەکان بەکار دەهێنا، بەڵام ئێستا چەندین بۆیەی دەستکرد بەکار دەهێنن. خوریەکە بەکڵافەیی ڕەنگ دەکرێت و پاشان هەڵدەواسرێت بۆئەوەی وشک ببێتەوە. کڵافەکان پێشئەوەی بچنرێن، دەبێت تۆپەڵ بکرێن. هەرچەندە وەک نەریتێک کۆچەریەکان دەزگای چنینیان لەسەر زەوی داناوە، بەڵام ئێستا ئەو کۆچەرییە نوێیانەی لە شارەکان دادەنیشن، کار بەو دەزگا ڕاوەستاوانە دەکەن کە بەکارهێنانیان ئاسانترە.

ئەم ژنە خاڵی کوتراوی دەشتەکییە کۆنەکانی ئەردەن لەسەر تەوێڵیەتی

## بەکارهێنانی چەقۆ تەختەکە

هەر جارێک کە خەڕەکەکە بەناو تەونەکەدا تێدەپەڕێت، ئەو کەسەی چنینەکە دەکات نوکی تەختەکە بۆ هەڵگێڕانەوەی ئاڕاستەی دەزووەکە بەکار دەهێنێت.



## بەکارهێنانی قولاپ

دوای چەند ڕیزێک، ئەو کەسەی چنینەکە دەکات دەزووەکان بە شانەیەکی کانزایی دەخاتە سەر یەک، هەتاوەکو دەزووەکان باشتر بخاتە سەریەک، چنراوێکی پتەوتر دروست دەبێت. ئەگەر دەزووەکان بە چڕیی بخاتە سەریەک ئەوە تەنها تەونەکان لە چنراوەکەدا دەردەکەوێت.



سادەترین و بەردەستترین ئامرازیان بەکار هێناوە



خوری مەڕ لە مووی بزن، زۆر ئاسانتر دەچنرێت

## چنینی بەڕە

دەکرێت درێژی دەزگای چنینەکە 12م (13 یارد) بێت. پانترین کوتاڵیش نزیکەی 3م (3.25یاردە) و پێویستی بە کارکردنی دوو ژن لەسەر دەزگاکە هەیە. بەڕەی وەک ئەم دانەیە، نزیکەی 4م (4.3 یارد) درێژە، دروستکردنەکەشی دوو بۆ سێ ڕۆژی دەوێت. پێشتر وەک نەریتێکی ساڵانە، کۆچەریەکان ئاهەنگی سەرەتای ماوەی چنینیان گێڕاوە.



بۆ دروستکردنی خێمەکان، مووی بزن بەکار هێنراوە، بەڵام خوری مەڕ بۆ دروستکردنی بەڕە و فەرشەکانی دیکە بەکار هێنراوە

# هونەر و کارە دەستییەکان

زیندوومانەوە لە بیابانەکان زۆر قورسە، بەڵام کۆچەریەکان و لادێنشینەکان، هێشتا کاتیان هەیە بۆئەوەی ژیانیان بەشتە جوانەکان برازێننەوە. هەندێک لەو شتانە ڕۆژانە بەکار دەهێنرێن و هەندێکیشیان تەنها لە بۆنەکاندا بەکاردێن پان بۆ کاتبەسەربردنن. کارە دەستیەکان تەنها لەلایەن خاوەنەکانیانەوە هەڵناگیرێن، بەڵکو زۆرکات گەشتیارەکان دەیکرن. هەندێک لەو کەلوپەلانەش وەک گڵێنەی دەستی ئەمریکیە ڕەسەنەکان، لای ئەو کەسانە زۆر بەهادارن کە کارە هونەرییەکان کۆ دەکەنەوە. ئەو ماددەیەی کارە دەستییەکانی پێ دروست دەکرێت، وەک قوڕ و تەختە، لە بیابانەکان دەدۆزرێتەوە و هەندێک لە ماددەکانی تریش بەرهەمی ئاژەڵەکانیانە. ئێستا کەرەستە سەردەمییەکانیش لە دروستکردنی شتە کۆنەکاندا بەکار دەهێنرێن.



### مورووە جوانەکان

هەندێک لە ژنان و کچانی سانەکان، موروو بە قژیانەوە دەکەن. ئەوان خۆیان بازن و کڵاو و ملوانکە و پاوەنەکانیان دروست دەکەن. سانەکان ئەمڕۆ مورووەکان دەکڕن، بەڵام پێشتر خۆیان بە توێکڵی هێلکەی نەعامە دروستیان دەکرد.

### دۆشەکی زین

دۆشەک وا لە زینەکە دەکات، بۆ دانیشتن خۆشتر بێت، ئەمەش وا دەکات سوارەکە بەرگەی گەشتێکی درێژ بگرێت. توارێگەکان (لا. 41) ئەم دۆشەکە چەرمەیان لەسەر کۆپانی وشترەکانیان دادەنا.







### کەمانی کۆچەریەکان

لای هەندێک کەس، کەمانی کۆچەرییە عەرەبەکان، تەنها دەنگێکی خەمگین دروست دەکات. پیاوان لە دەوری ئاگری کەمپەکانیان کەمان بۆ میوانەکان دەژەنن. ئەوان لە منداڵیدا فێری ژەنینی کەمان بوون. کۆچەریەکان بە میواندارییە گەرموگوڕەکانیان ناسراون، وەک نەریتێک هەمیشە، خواردن و شوێنی مانەوە بۆ میوانەکانیان دابین دەکەن.



### هونەری سەر بەرد

هەڵکەندراوەکانی سەر ئەم بەردەی بیابانی ئەردەن، بە لایەنی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ 2500 ساڵ پێش ئێستا و ڕەوەیەک وشتری بەهێز (کە کۆپارەکانیان قەڵەوە) و بەچکەکانیان نیشان دەدات. هونەری سەر بەرد لە چەند بیابانێک دۆزراوەتە و بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئەو شوێنانە لە ڕابردوودا چۆن بووە و کێ لێ ژیاوە (لا. 7-6).



## زیو و شوشە

زیوگەرە توارێگییەکان شتیان بۆ دەوڵەمەندەکانی ناو تورێگەکان دروست دەکرد، بەڵام ئێستا زۆربەیان لە شارەکان نیشتەجێن و ئیش بۆ گەشتیارەکان دەکەن. خاچی توارێگیی بە ڕێگایەک دروست دەکەن کە پێی دەگوترێت ڕێگای ونکردنی مۆم. خاچەکەیان لە مۆم هەڵدەکۆڵی و قاڵبێکیان بە دەوریدا دروست دەکرد، دواتر مۆمەکەیان دەکوڵاند و لایان دەبرد، بەم شێوەیە قاڵبەکە دروست دەبوو. پاشان زیوی تواوەیان دەکردە ناو قاڵبەکەوە و کاتێک ڕەق دەبووەوە قاڵبەکەیان دەشکاند و خاچەکەیان دەردەهێنا. لە کۆتاییدا لەسەر ڕووی پارچەکە نەخشیان دروست دەکرد.



ئەو هەڵکۆڵراوە عەرەبییە کۆنە، ئایەتێکی قورئانە و بۆ خۆپاراستن بەکاردێت



ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ڕابردوو

## بووکەڵەی هۆپییەکان

هۆپییەکان جوتیاری ڕەسەنی زەوییە وشکەکانی ئاریزۆنای ئەمریکان. ئەوان بوکەڵەیەک دروست دەکەن کە پێی دەگوترێت کاچینا، تاوەکو منداڵەکانیان فێری بیروباوەڕی خۆیان، سەبارەت بە ڕۆحی رووەک و ئاژەڵ و باوباپیرانیان و تەنانەت شوێنەکانیان بکەن. کاچینا ناوێکە بۆ ڕۆحانیەکان و ئەو سەماکەرە ڕۆحانیانەی کە لە ئاهەنگەکاندا ماسکیان دەبەست، هەندێک لەو ئاهەنگانە بەمەبەستی بارانبارین بوون. بووکەڵەکانیان لە ڕەگی داری (cottonwood) هەڵدەکۆڵی و دواتر پێشئەوەی بۆیەی بکەن، قوڕی سپییان تێهەڵدەسوو.



کاچینا تازەکان بە پاستیل ڕەنگ دەکرێن



ئەم نەخشە، پەڕەپەڕەیە



## گۆزەگەری نایاب

نزیکەی1600 ساڵە دانیشتوانی ڕەسەنی باشووری خۆرئاوای ئەمریکا سەرقاڵی گۆزەگەرین. ئەوان مەنجەڵیان بۆ چێشتلێنان و هەڵگرتنی خواردن و بۆنەکان دروست کردووە. ئەم مەنجەڵە ڕەشە تایبەتانە، لەلایەن گۆزەگەری بەناوبانگ ماریا مارتنێز، لە سان دیفۆنسۆی نیومەکسیکۆ دروست کراوە. ماریا بە بەکارهێنانی قوڕ و لمی تایبەتی بیابانەکان و زیادکردنی پاشەڕۆی مانگا بۆ ئەو ئاگرەی کە مەنجەڵەکەی پێ دروست دەکرد، ڕەنگێکی جیاوازی داهێنا، هەروەها بۆ دروستکردنی ئەو ڕەنگە دەبوو ئاگری مەجەڵەکە پلەیەکی گەرمیی دیاریکرای هەبێت، بۆئەوەش تەنووری کراوەی کۆنی بەکار دەهێنا کە بەکارهێنانی قورس بوو، چونکە ئەگەر با هەڵی بکردایە، ئاگرەکە باڵاسانیی دەکوژایەوە.

ئەو نەخشە دەسوتێنرێت و پاشان بۆیە دەکرێت



## Didgeridoo

هەرچەندە Didgeridoo ئامێرێکی مۆسیقیی نەریتی بیابانەکان نییە، بەڵام ئێستا لەلایەن دانیشتوانی ڕەسەنی بیابانەکانەوە بەکار دەهێنرێت. ئەم ئامێرە لە کۆندا بە لقی ئەو درەختانە دروست دەکرا کە مێروولە سپییەکان ناوەکەیان هەڵدەکۆڵی. خەڵکی بیابان کاتێک بەناو دەوەنەکاندا دەگەڕان بە دەوەنەکانیاندا دەکێشا و بە هۆی دەنگەکەیەوە دەیانزانی کامە بەکەڵکی دروستکردنی ئامێرەکە دێت.

## بۆ دوو کەس

ئەم چوارچێوەیە بۆ کۆپانی حوشترێکی بەککۆپارەیی دروست کراوە و دوو کەس هەڵدەگرێت. کۆچەریە بازرگانەکانی پارێزگای سندی پاکستان و ئەفغانستان بەکاری دەهێنن. ئەم کۆپانە نایابە بۆ سەرۆکهۆزەکان دروست دەکرا. ئەم کۆپانە تەختەکەی بە مسی زەرد ڕووپۆش دەکرا، تاوەکو جوان و پتەو بێت.



# گەڕان بەناو بیابانەکاندا





بیابانەکان شوێنێکی ساماناکن، لەوێ مەترسیی مردن بەهۆی برسێتیی و تینوێتییەوە زۆرە. چەندین سەدە گەڕیدەکان فریو دراون و لەبیاباندا بەدوای سامان و گەنجینەدا گەڕاون. گەریدەکان هەمیشە ئەو ڕێگەیەیان بەکار هێناوە کە بۆ بازرگانیی دروست کراوە، وەک ڕێگای ئاوریشم کە بۆ ناوچە دوورەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆشتووە، یاخود یارمەتی دراون بۆ ئەوەی ڕێگەی نوێ بدۆزنەوە، وەک ڕێگەی بورک و وێڵ لە بیابانەکانی ناوەڕاستی ئوسترالیا. گەریدەکان لە دۆزینەوەی ڕێگەدا هەمیشە پشتیان بە خەڵکی ناوچەکە بەستووە. دانیشوانە ڕەسەنەکانی بیابان، توانیویانە بەبێ جەمسەردۆز و نەخشە، ڕێگەی خۆیان لە بیابانەکەدا بدۆزنەوە. دانیشتوانی بیابان زانیویانە چۆن خۆراک و ئاو لە بیابانەکەدا بدۆزنەوە، لەکاتێکدا دەبوو زۆرێک لە گەریدەکان بە بارێک خۆراکی ئامادەکراوەوە بڕۆیشتنایە. ئەمڕۆ نەخشەی هەموو بیابانەکان کێشراوە، بەڵام هێشتا مەترسیدارە و لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگەی نوێشدا، هێشتا سەرکێشیی تێدایە.

### وڵفرێد سێسیگەر

سێسیگەر یەکێک بووە لە یەکەمین ئەو گەریدە ئەوروپیانەی کە بە بیابانی ڕوبعخالی بەدناودا گەڕاوە. بیابانەکە ئەم نازناوەی بەهۆی ئەوەوە وەرگرتووە کە خانەخوێیەکی باش نەبووە. جگە لە مانگەکانی زستان کەس لەو بیاباندا ناژی و کۆچەرییە عەرەبەکان تەنها لەدوای بارانبارین و سەوزبوونی گیا، بۆ لەوەڕاندنی حوشترەکانیان دەچنە ئەو دەڤەرە. سێسیگەر لەسەر پشتی حوشتر چەندین گەشتی بەناو ئەو بیابانە و بیابانەکانی عومانیشدا کردووە. ئەو لەنێوان ساڵانی 1945 بۆ 1950 لەگەڵ هاوکارە دەشەکیەکانی چەندەها میل گەڕاوە.



### جەمسەردۆز (compass)

جەمسەردۆز دەرزیەکی پێوەیە کە خۆی لەگەڵ جەمسەری باکوور و باشووری موگناتیسدا ڕێک دەخات. لەو کاتەوەی جەمسەردۆز داهێنراوە -وا گومان دەکرێت کە لە سەدەی دوازدەهەمدا لە ئەوروپا و چین داهێنرابێت- ئەم ئامێرە یارمەتی خەڵکی داوە تا ڕێگەکانیان بدۆزنەوە.

### لە ڕێگەی تیمبەکتودا (شارێکە لە مالی)

گەڕیدەی ئەڵمانی، هێنریش بارس، لە ساڵی1850 دا بیابانی سەحرای بڕیوە و چەندین ساڵی لە شارە بەناوبانگەکانیدا بەسەر بردووە. تیمبەکتو بەهۆی جێگیربوونی توارێگەکانەوە لە سەدەی دوازدەهەمدا دروست بووە و دواتریش بووە بە سەنتەرێکی بازرگانیکردنی گرنگ بۆ ئاڵتوون و خوێ، هەروەها ناوەندێکی گرنگی زانستە ئیسلامییەکانیش بووە. لە ساڵی 1826دا گۆردن لینگ، یەکەم ئەوروپی بووە کە گەیشتووەتە ئەم شارە گەورەیە. گەریدەی فەرەنسیی، ڕینیە کایلێ لە 1828دا گەیشتە ئەو شارە، بەڵام هەتاوەکو هێنریش بارس پشتڕاستی ئەو چوونەی کردەوە، هەندێک کەس هەر باوەڕی نەکرد.





### سەحرا بە پاسکیل

پاسکیلە نوێیەکان کێشیان زۆر سووکە و زۆریش بەهێزن، هەروەها دەتوانیت بۆ ماوەیەکی زۆر بە ناوچەیەکی سەختدا لێیان بخوڕیت. هەر کەسێک بە بیابانەکاندا بگەڕێت، پێویستە جلی شیاو بۆ خۆپاراستن لە خۆر لەبەر بکات، هەروەها کەرەستەکانی چاککردنی پاسکیل و خۆراک و ئاویش زۆر گرنگن.



سەربان بۆ خۆپاراستن لە گەرمیی و سووتان دەپێچنەوە

دەبەی ئاو

جانتایەکی بچووک کە لە سەر پاسکیلەکە دادەنرێت.

### مردن لە جۆگەی کووپەر

یەکەم ئەوروپی کە ئوستراڵیای بڕی، لە مێلبۆرنەوە دەستی پێ کرد و لە باشوورەوە بەرەو باکوور ڕۆیشت. کاتێل ڕۆبێرت بورک و ویلیام وێڵ، ڕێبەری ئەو گەشتەیان دەکرد، کۆمەڵێکیان لەسەر جۆگەی کوپەر بەجێهێشت، دواتر هەموو ئەو کۆمەڵەیە ڕووبەڕووی چەند کێشەیەکی زۆر گەورە بوونەوە و هەندێکیان لە برسێتیی و تینوێتیدا مردن. بوورک لە گەڕانەوەیدا بەرەو باشوور، ساڵی 1861 لەسەر جۆگەلەی کووپەر مرد (وێنەکەی سەرەوە). تەنها یەکێک لە ئەندامانی ئەو کۆمەڵەیە بە یارمەتیی خەڵکی ناوچەکە ڕزگاری بوو.






## سەهرا بە فڕۆکەی کێشسووک (microlight)

کریستینا دۆدوێڵ یەکێکە لە گەڕیدە بەریتانییە نوێیەکان کە حەزدەکات ئامێری گواستنەوەی جیاواز لە گەشتەکانیدا بەکار بهێنێت. بۆ گەشتە 11265 کم (7000میل)یەکەی بەناو سەهرادا لە ئەفریقا، فڕۆکەی کێشسووکی هەڵبژارد. ئەو لەگەڵ فڕۆکەوانەکانی هاوڕێیدا ئەم فڕۆکە بچووکەی بۆ گەشتکردن بەناو بیابانی سەهرادا بەکار هێنا. لەم وێنەیەدا لە مالی وەستاون.





## فڕۆکەی کێشسووکی سەرسوڕهێنەر

لەبەرئەوەی فڕۆکە کێشسووکەکان لەچاو فڕۆکەکانی دیکەدا زۆر هێواش دەفڕن، دەتوانن لە نزیکی زەوییەوە ماوەیەکی زۆرتر بفڕن، بۆیە سەرنشین و فڕۆکەوانەکەش دەتوانن زیاتر دیمەنەکانی خوارەوە ببینن. هەروەها بۆ خۆڕزگارکردن لە کەشوهەوای ناجێگیری چینەکانی خوارەوەی هەوا، دەتوانن وەک فڕۆکەکانی دیکە لە بەرزیشدا بفڕن. ئەم فڕۆکەیە دەتوانێت لە خاکێکدا بنیشێتەوە کە 69م (75 یارد) بێت، یان لە هەر زەوییەکی دیکەی گونجاوی لەو شێوەیە. لەبەرئەوەی کێشی مەکینەکەی تەنها 150کگم (330 پاوەند)ە، دەتوانرێت لە پشتی برهەڵگرێکدا هەڵبگیرێت.



## بازرگانیکردن بە مورووەوە

ئەم مووروە شوشانە لە سەدەی 18 یەمدا، بۆ بازرگانیکردن لەگەڵ ئەفریقییەکاندا دروست کراوە، بەتایبەت ئەوانەی کە لە ڕۆژئاوای ئەفریقا دەژین. لە ئەفریقیا دەتوانرێت ئەم مورووانە بە خۆراک و بەردە بەنرخەکان و کانزا و کاری هونەریی بگۆڕدرێنەوە.

## مارکۆ پۆلۆ بۆ ڕۆژهەڵات دەچێت

لەساڵی 1271 مارۆکۆ پۆڵۆ لەگەڵ باوک و مامیدا کە بازرگانێکی ڤینیسیایی بوون، دەستیان بە گەشتێکی دوورودرێژ بۆ ڕۆژهەڵات کرد. ئەوان بە ڕێگەی ئاوریشمدا بەناو عێراق و ئێران و ئەفغانستاندا ڕۆیشتن، پاشان بە ناوەڕاستی ئاسیادا چوون بۆ بیابانی گۆبی و چین. مارکۆ پۆلۆ ڕێگەپێدانی کوبلای خانی وەرگرت و لە گەشتەکەیدا بە خاکی ئیمپراتۆرییەتی مەغۆلدا ڕۆیشت. لەکۆتایدا پۆلۆکان لە ساڵی 1295 گەڕانەوە بۆ ڤێنیسیا. یادداشتی گەشتەکەی مارکۆ پۆلۆ بەرچاوڕوونییەکی باشی لەبارەی ڕۆژهەڵاتەوە بە ئەورووپییەکان بەخشی.

## ڕێگەی ئاوریشم

ئاوریشم یەکێکە لەو کەلوپەلە بەنرخانەی کە لە چینەوە هەناردە دەکرێت. چینییەکان هەزاران ساڵ لەمەوبەر کرمی ئاوریشمیان ماڵی کردووە، لە هەر قۆزاخەیەکەوە دەزویەکی ئاوریشمیان دەست کەوتووە کە 900م (3000پێ) درێژ بووە. ئاوریشم بەڕێگەیەکی وشکانیدا بازرگانی پێوە دەکرا کە پێی دەگوترا ڕێگەی ئاوریشم. ئەو ڕێگەیە 7000کم (3000میل) درێژ بووە و لە چینەوە (ڕۆژهەڵات) دەستی پێ کردووە و بەناو بیابان و چیاکاندا لە ئاسیاوە چووە بۆ ئەوروپا (خۆرئاوا). ئاوریشم و بەهارات بۆ ڕۆژئاوا دەنێردرا و لەوێوە خوری و ئاڵتوون و زیو و ئەسپیان دەهێنایەوە.

# ڕێنوێنی


A

Aboriginal peoples, 12 خەڵکە ڕەسەنەکان
57,61.62 ,51 .46 .23
agate 57 یاقووت
amphibians, 26 وشکاوەکییەکان
amulets, 52, 53. 55, 56 مورووەکان
adaptations to desert life خۆگونجاندن لەگەڵ بیاباندا
43 ,36-39 .16-17
ants. 22 مێروولەکان
anteater, spiny, 34 مێروولەخۆر
ant Lion, 22 شێرەمێلووره
antelope. 46 ئاسک
aquifer, 14 چینی ئاوکۆکەرەوە
Arabian Desert, 6,7,9, 12.21 بیابانی عەرەبی
arachnids, 24-25 هەشتپێکان
archaeological remains. 7 پاشماوە دێرینەکان
arts and crafts, 47, 60-61 هونەر و کارەدەستییەکان
arroyo, 11 ڕووباری بچووک

B

Bactrian, 37.38-39, 43 حوشتری دووکۆپارە
Baluchi>, 40, 41 بەلوج
Barth, Heinrich, 62 هێنریش بارس
bats 18 شەمشەمەکوێرە
Bedouins, 9, 14, 18,41 دەشتەکیەکان
,47 ,46 ,45 ,44 ,43 ,12
.53 .32 .31 .50 ,49 ,48
beetles, 22, 23, 25 60 ,58-59 ,54 قالۆنچەکان
bicycle, travel by, 62 گەشت بە پاسکیل
birds, 10, 16 30-31 باڵندەکان
black desert.8 بیابانی ڕەش
,body decoration خۆڕازاندنەوە
M.53, 56 ,51 ,48
boomerang. 46 بومڕانگ
bow and arrow, 46 تیروکەوان
Burke, Robert, 62 ڕۆبەرت بورخ
burrowing, 32-35,36 چاڵهەڵکەندن

C

cockroach. 23 سیسرک
calabash. 17 کولەکە
camel, 42,46 حوشتر
camel-spider, 24 حوشترە جاڵجاڵۆکە
caracal, 34 پشیکەی کێوی
caravans, 38.47 کاروان
cattle, 42. 43, 50 ئاژەڵ
century plant, 18 ڕووەکە سەدەییەکان
chameleon, 28 حەربا
cheetah, 34 چیتا
clothing. 48-55 10 پۆشینی جلوبەرگ
coffee. 47 قاوە
Colorado River. 11 ڕووباری کۆلۆرادۆ
compass, 62 جەمسەردۆز
Cooper's Creek, 62 جۆگەی کوپەر

DE

Death Valley. 8 دۆڵی مردن
dew. 19. 22.23 شەونم
diet, 25, 46-17 ژەمە خۆراک
dromedary. 37.38-39 61 حوشتری یەککۆپارە
Dodwell. Christina, 63 کریستینا دودوێڵ
dog, 42, 43 سەگ
domesticated mammals شیردەرەماڵیەکان
28-43 ,14 ,6
euphorbia. 21 لاولاو
exploring، explorer, 62-63 گەڕان، گەڕیدە

FG

falcon. 30 باز
fog, 6, 19 تەم
folk 34,36. 37 خەڵک
frost, 6 سەهۆڵبەندان
Fulanls, 47, 48, 57 فولانییەکان
gazelle, 34.46 ئاسک
gecko. 36 مارمێلکە
Gibson Desert, 7 بیابانی گیبسن
Gila monster, 28 گیلا
glasswork 11 دەفری شووشە
goat, 42, 46, 59.60 بزن
Gobi Desert 7, 38,49, 63 بیابانی گۆبی
gold, 9 ئاڵتوون
gourd. 47 کولەکە
Grand Canyon. 1I دەربەندی گەورە
granite, pink, 9 گرانێت
Great Basin Desert بیابانی
27 .21 ,6 حەوزی گەورە
Great Victoria Desert, 7 بیابانی ڤیکتۆریا
ground loom, 59 دەزگای جۆلایی

H

hamster, 32 37 هامستەر
hawk. Harris's, 31 داڵی هاریس
hedgehog. dmert. 34.35 ژیشک
Hopis. 61 هۆپییەکان
home, 35, 42, 43, 49 ماڵ
hunting 46 ڕاوکردن
hyena. 35 کەمتیار

IJ

irrigation, 14.15 ئاودێریی
jackal, blari•backed, 35 چەقەڵ
jewellery, 14, 52 34,55 خشڵ
58-59
jerboa, 32, 37 جەربوع


------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------------

K
kachinas, 61 کاچیناکان
Kalahari Desert 7,34,35. 44,46 بیابانی کەلهاری
kangaroo, 32, 57 کەنغەر
Kara Kum. 7.31 khur. 34 کەرەکوم
kohl, 53 کل
kokerboorn tree, 20 درەختی کۆکەربووم
Koran, M, 61 قورئان
Kyzyl Kum, 7, 34 کیزیل کیوم

L
limestone, 11 بەردی کلسی
lizards, 26, 28 قۆریەکان
locust. 24,25 لۆکەس

NOP
Namib Desert, 6,7, 12, 17 بیابانی نامیب
35,36 ,28 .19 ,18
native Americans, 44. 45 ئەمریکییە ڕەسەنەکان
, 6I ,60 ,57 ,56 .52 ,49
Negev Desert. 7, 16 بیابانی نەگەف
nomadic peoples. 44-15 کۆچەرییەکان
58 ,56 ,50 ,49 ,46
ostrich, 30, 42. 57. 60 نەعامە (وشترمرخ)
overgrazing, 42 لەوەڕاندنی زۆر
owl. 30.31 کونەپەپوو
palm, 15.18 دارخورما
Patagonian Desert, 6, 43 بیابانی پاتاگۆنیا
pea, 16 بەزالیا (پۆلکە)
pinnacles, 11 کۆڵەکەکان
plants. 10. 11.16-21,18, 19,36 ڕووەک
Polo, Marco, 63 مارکۆ پۆلۆ
pottery, 47, 60,61 گۆزەگەریی
prickly pear. 21 هەرمێی دڕکاوی
pueblos. 45 گوند

M
Matmata, Tunisia, 45 ماتماتا
meerkat, 35 میرکات
minerals, 8, 9 کانزاکان
Mojave Desert, 6.28, 30, 33 بیابانی مۆگەڤ
mole, 36 مشکی تورەکەدار
moloch. 29 مۆڵۆخ
moth. 24 پەروانە
mummified bodies, 13 لاشەی مۆمیاکراو
mushroom rock 10 تاوێری قارچکی

R
rainfall, 6. 10 بارانبارین
rat, kangaroo, 32, 33 جرجی کەنغەری
roadrunner, 30 ڕاکەرە
rock, 8.9. 10-11.14 تاوێر
rugs, 59 بەڕە

S
saddles and regalia, 4)- 41, 45 زین و تاقمی
60.61 ,58 .54 حوشتر
saguaro. 21 ساگوارۆ
Sahara Desert, 6, 7, 9, 10 بیابانی سەهرا
34,37 ,30 ,29 ,28 ,15 ,13
sand. 8, 12-13 لم
sand art. 12 هونەری سەر لم
sand storms, 7 گەردەلولی لمین
sandgrouse, 30, 31 باڵندەی بۆڵەبۆڵکەر
sandstone 10 بەردی لمین
scorpion, 24 دووپشک
shalaku, 14 شالاکۆ
sheep, 42.43.46.58 مەڕ
shrimps, 14, 16 ڕۆبیان
Silk Road, 62, 63 ڕێگەی ئاوریشم
Simpson Desert, 7, 51 بیابانی سمپسن
Sinai Desert. 54 بیابانی سینا
soil composition, 8 پێکهاتەی خاک
Sonoran Desert, 6. 16,28, 30 بیابانی سۆنۆران
spear-thrower, 46 کەوان
spinning, 58 ڕستن
squirrels. 31.37 سمۆرە

T
tent 44.45. 55-54 ڕەشماڵ
Thar Desert, 7, 34 بیابانی سار
Timbuktu. 62 تیمبەکو
trade, 42 63 بازرگانیی
Tuaregs, 13,41. 46. 47 توارێگەکان
62 .61 .60 .57 .56 ,,50 ,49

VWYZ
wadi, 8, 11 دۆڵ
water supply, 7. 14-15 سەرچاوەی ئاو
47 ,30 ,23 ,22 ,19
weapons and tools, 50-51 چەک و ئامرازەکان
weathering. 6,8,9, 10 داخوران
weaving. 58-59 چنین
welwtschia. 18.28 ویلۆیتشیا
whip scorpion, 24, 25 دوپشکی قامچیدار
Wills, William, 62 ویلیام ویلّ
winnowing basket, 47 سەبەتەی شەنکردن
woodpecker. 30, 31 دارکونکەرە
yoghurt 46 ماست
yucca, 25 یۆکا
Zunis. 14. 47, 49, 52 زونیەکان


---

